chalakmuhamad@gmail.com

کوردستانێکی ئازاد          گەلێکی یەکسان

# پیلانێکی نوێ و سەودایەکی دۆڕاو !!

سەرکردایەتی گشتی
پارتی سوشیالیستی کورد پاسۆک

چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە

شوباتی ١٩٨٤

chalakmuhamad@gmail.com



# پیلانێکی نوێ و سەودایەکی دۆڕاو !!

ماوەیەکە قاوی ئەوە داکەوتووە گوایە ( مافی کورد وەردەگیرێ ! ) و ( حوکمی زاتی ڕاستەقینە دەدرێ ! ) و ( گفت و گۆ و مفاوضات ! ) هەیە ... خەڵکێکی سادە و ساویلکە و عەقڵ لە چاویشیان هێناوەتە سەر شەقامەکان و هەڵیان دەپەڕێنن !!.

یەکێ نەشارەزا بێت وا دەزانێ ئیمڕۆکە سێ هەزار بووک دابەزیووە !! نەک سێ هەزار لاشەی بە شەرەف ترین ڕۆڵەی کورد تا ئیمڕۆ لە قەبرستانە نهێنییەکانی (موسڵ)ی قەساخانەدان و تەرمەکانیشیان بە کەس و کاریان نەدراوەتەوە !!.

یەکێ نەزانێ، وا تێ دەگات لە جێژنی سەربەخۆییدا هەڵدەقونێن !! نەک نیوەی خوارووی کوردستان هەر لە ( بەدرە و جەسان و خانەقین و مەندەلییەوە تا کەرکوک و زمار و ژەنگار ) ساف لە سافی بە عەرەب کراوە و زۆر بەی خەڵکەکەی دەربەڕێندراون و لە جێگەیاندا کۆمەڵێ عەرەبی کۆچەری داگیرکەریان، لەسەر شێوەی زایۆنیزمەکان، تێدا جێگیر کردوون !.

یەکێ خەڵکی ئەم وڵاتە نەبێت، وا دەزانێ فیستەڤاڵی ساڵانەی گوندە خنجیلەکانی کوردستانە !! نەک دوو هەزار گوندی سەر سنووریی کە نیو هێندەی هەموو سەرزەمینی دەوڵەتی (کوێت) دەبێت، کاول کراون و دانیشتوانیان لە ئۆردوگا زۆرە ملێکانی، وەکو هیندیە سوورەکانی ئەمەریکا !، بەند کراون!

یەکێ لەم وڵاتە نەژیابێت، وا دەزانێ لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەدا ( بەعسی عەرەبی ئیشتراکی !! ) بە ویستی سەدی لە سەدی گەلەکە هاتوون و خوا بۆ گەلی عێراقی ڕەخساندوون !... نەک لە چواردە ساڵ لەمەو بەرەوە بە پیلانێکی ئەمەریکی ئینگلیزی کۆمەڵێ پیاو کوژی چەقۆکێش سواری مل و ویستی گەل بوون و بەردیان بە سەر داری عێراقەوە نە هێشتووە ! ... نیوەی هەموو دانیشتوانی دەوڵەتی (قەتەر) و دە هێندەی هەموو دانیشتوانی میرنشینی مۆناکۆ تەنها کوردی فەیلی دەربەدەر کراون و بە ڕووت و قووتی فڕێدراونەتە ئەودیو سنورەوە . ئەوەندەی ڕووپێوی (هۆڵەندا)یان لە کوردستان داپچڕیوە و بە عەرەبیان کردوە !! شتێکی نیزیک لەمەشیان بەسەر عەرەبی شیعە و دیموکراسی و پێشکەوتنخوازەکانیش هێناوە ! هەندێ لە خودی بەعسیەکانیش بێ ئارەق دەرنەچوون .

جەماوەری شۆڕشگێڕی کورد :

ئێمە کە ڕوویەرەکانی مێژووی هاوکاری و دۆستایەتی هەر بەرە و لایەنێک لەگەڵ ئەم بەعسیانەدا هەڵدەدەینەوە، جگە لە ڕیسوا بوون و مایە پووچی و خۆ دوراندن چی دیکە تێدا نابینین !! کێ ماوە دەستی بە ئاگری ئەم ڕەگەزپەرستە فاشیانەدا نە چزابێت ؟! .

دڵنیاشین لەوەی کە (صدام) و (بەعس) هەزار ڕۆحیان هەبێت یەکیانیان بە بەردا نایەتەوە ... بشیەتەوە بەر لە هەر کەسی ئەوانە دەکاتە بەر بانگ کە هاوسەنگەرین، وەکو چەند جار لەمەو بەر کردوونی !.

بڕواشمان بەوە هەیە چەندە چاوەڕوانی چاکە لە شەیتان و پیاوەتی لە نامەرد و وەفا لە سۆزانیەک دەکرێت ئەو هێندەش لە (صدام) و حیزب و دەوڵەتەکەی !!.

چاکیش ئەوە دەزانین کە سەوداکەرانی خۆ هەراج کەر، هەر نەبێت لەبەر ڕابردووی ڕەش و تاقی کردنەوەی تفت و تاڵێ دوێنێ و پێرێیان لەگەڵ ئەم بەعسیانەدا، ئەو ڕاستیانە لە هەموو کەس چێتر دەزانن !!.

ئەوەش بیر دێنینەوە کە ئەوەی بە چاوی کراوە و بڕ بە هۆش و بە ویستی خۆی مل بە هەڵدێرەوە نێ کەس فاتیحەی بە دوودا ناخوێنێ !.

chalakmuhamad@gmail.com

... ئێمە دڵمان بەو دەیان و سەدان خەڵکە سادە و نیاز پاك و دڵسۆز و شۆڕشگێڕە دەسووتێ، کە جگە لە کوردایەتی چ بەرژەوەندی و نیازێکیان نییە ... نەگبەتی و خەسارەتە ببنە (سپوارە)ی قادسیە شوم و دۆڕاوەکەی صدام ! .

هەرگمان بۆ ئەوانە ژان دەکات سالە های سالە تاڵ و سوێری دەچێژن و ئەرزیان راخستوە و ئاسمانیان داوە بە خۆیاندا و بەگژ مەرگدا چونەتەوە ... ئێستاو لەم دوایی دواییەی فاشیزمدا بکرێنە (ماینی تەرواده)ی صدام !! .

بەتەنگ ئەو ووزە و توانا و بەهرە هەڵکەوتووە کوردانەوە بین، کە لە خزمەتی کورد و خانەی کوردایەتیەوە بپرژێنرێنە سەنگەری بەعس و خانەی فاشیزم و دیکتاتۆریەتەوە !! .

یادی ئەو هەزار و ئەوەندە شەهیدانە دەکەینەوە کە بە هیوای (رمانی رژێمی بەعس) و ((حوکمی زاتی راستەقینە بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق)) جەنگاون و سەریان ناوەتەوە ... ئێستاش رەوانی شادیان بەر چاوە چاوی ئەوەیە کە خۆری (مافی چارەی خۆ نوسین) هەڵێت ... نەك بەو جۆرە لە زەلکاوی بەعس وەردرێن و بە چەند تۆیۆتا و سۆپەرێ هەراج کرێن !! پێنوسی کام تراژیدی نوسێك ئەمەی پێ دەردەبڕدرێت ؟!! .

کۆمەڵانی خەڵکی بەشەرەف :

کۆڕ و کۆمەڵانی دڵسۆز :

هاوبیرانی پاسۆك :

ئێمە بەو گیان و هەست بە مەسئولیەت و کوردانەوە و بەو چاوە گەش بین و دوور بینەوە و بەو مەبەستە دڵسۆزانەوە لە هەڵدێرێکی گشتی و بە کۆمەڵی وا دەروانین ... کە نەك کۆمەڵ و بەرەیەك، بەڵکو هەتا تاکە یەك تاکی کورد کە دەخلیسکێ و دەپەڕێتە خزمەتی داگیرکەرەوە، کورد دوو جار زەرەرمەند دەبێت ! جارێکیان وەکو ئەوەی تاکێ لەو لە بێتەوە و کەم دەبێتەوە، جارێکی دیان تاکێك دەچێتە سەر دوژمنەکەو ئۆردووی داگیرکەرەکە ! ... هەر لەو راستیە زانستانەو بە پەرۆش بوونەوە مەسەلەکە دەگرین کە یەکێ ئەگەر برینێکی تیراوێشی لە ئەندامێکی لەشی هات ... لەمەڕی دوعاو نوشتە و هیوا میتافیزیکیانەوە تا ئەو پەری دەرمان و سەر دکتۆر و چارەی هەرە پێشڕەفتەی تەکنەلۆجیای سەردەم، هەولێ چاك کردنەوە و خۆش بوونەوەی دەدات ... کە هەر چار نەما ئەو سا بۆ سەلامەتی هەموو لەشەکە نەشتەر دەبێتە میوانی ! .

ئێمە وەکو کورد و دوور لە دەستکەوت و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و تۆڵە و رقی شەخصی و حانە حەپەشێی خۆمانە خۆمانەوە ئەو راستیە هەزار بارە دەکەینەوە و بیر دەخەینەوە کە مەسەلەی نەتەوەی کورد مولکی مێژوویی هەموو جەماوەری کوردە و بنکە و زەمینە و سەرچاوەی بوون و سەروەری هەموانە ... سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردایەتی و گەیشتنی بە ئامانجە پان و بەرینەکانی، سەرکەوتنی هەموو هێزە دڵسۆزەکان و گەیشتنی بە ئامانجی هەموو شۆڕشگێڕانی کوردە شکست و نووچ دانیشی مەسئولیەتی هەر هەموانە و روو زەرد بوونی لای خوا و مێژوو و کوردیشە ! هەرگیز هیچ لایەن و بەرەیەکی دڵسۆز وێرای ئەوەی نییە و ناتوانی خۆی بە سەرکەوتوو بزانێ ئەگەر مەسەلەی گشتی و بنەڕەتیەکەی دۆڕاند و شکست پێهێنا ! با هەموو ناحەزە سیاسیەکانیشیاکتاو کردبێت !! هیچ کۆڕ و کۆمەڵ و کەسێکی پاك و بەشەرەف و شۆڕشگێڕیش خۆی بە تێشکاو نازانێ ئەگەر ئاوات و ئامانجەکانی جەماوەر هاتنەدی، هەتا ئەگەر لەسەر حسێبی بوونی سیاسیشیان بێت ! بۆیە نابێت هەرگیز دڵمان بە (دیزەبی) و (مل شکاندنی) ناحەزە سیاسیەکانمان خۆش بێت، ئەگەر پرێشکی ئەو مل شکانە بەر مەسەلە بنەڕەتیەکە بکەوێ ! .

لاشمان وایە زۆر شەرەفمەندانەتر و جوامێرانەتر و دڵسۆزانەتر و شۆڕشگێڕانەترە مرۆ لەگەڵ رۆڵەکانی میللەتی خۆیدا پشوو درێژتر بێت وەك لەوەی لەگەڵ دوژمنان و داگیرکەراندا (حاتەمی) بێت ... چاوپۆشی لە تاوانی برا و هاوزمان و هاونیشتمانەکەی بکات نەك لە هەڵەی داگیرکەرەکەی خۆش بێت ... دەستی خۆی ماچ کات چێترە لە دەست خستنە نێو دەستی دوژمنەوە ! ... بە چەپۆکی خۆی بگریەت لە هەڵپەرینی دەهۆڵی داگیرکەر سازگارترە ... لەبەر خۆی بچەمێتەوە جوامێرانەترە وەك لە تەك دوژمندا هەڵتووتێ !! .

chalakmuhamad@gmail.com

ئەمانە و سەدان دڵسۆزیمان بۆ کورد وامان لێ دەکات، بە دڵسۆزی و بە پەرۆشەوە :

- بانگی گەڕانەوەی سەنگەری کوردایەتی و پڕ شەرەفی پێشمەرگایەتی بەگوێی هەموو ئەوانەدا هەڵدەدەین کە فریبیان تێدا ماوە ... کە شەقام و بارەگانی شار بیسی نەکردوون ... کە دەستەوت و هەڵپەی هەڵپەبازی و هەلپەرستی لەگرێژەنەی نەبردوون ! .

- هاوار لەوانە بکەین کە خەریکە دوا هەنگاوی بێگەڕانەوە دەنێنە گەرووی نەهەنگی بەعسیانەوە بەئاگایان بهێنینەوە و پێیان بڵێین : ژیان لە هەر کوێیەکدا بیگێڕیتەوە هەر قازانجە ! ... ئەم رێگە سەخت و ئاڵۆزە گلان و کەوتنی تێدایە، وەلێ بواری پیاوی بە شەرەف راست بوونەوە وکەوتنەوە سەرپێیە ! ...

- بۆچی بەرینە بەر شەرەف و ناموسی کوردانەی ئەوانەی کە حسێب بۆ ئەو (قیم) انە دەکەن و بڵێین چاوی گردەن بە دەوری خۆتاندا کێ دەبینن ؟؟ لە جاش و جاشی شەعبی و بەعسی و ئیستخبارات و جاسوس و پیاوکوژ و جەلادانی گیانی سەدان و هەزاران رۆڵەی کورد زیاتر ؟!! .

جەماوەری ستەمدیدەی نەتەوەکەمان :

رۆڵە بە پەرۆشەکانی کورد :

مرۆڤ دۆستانی دنیا :

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئیستعماری ئینگلیزی و فەرەنساوی، بە رۆگرانی ئیمپراتۆریەتە داتەپیوەکەی عوسمانی، بەر بەستی ئەوە بوون کە نەتەوەی کورد بە ماف و ئامانجە سروشتیەکانی خۆی بگات . ئەو مافەی خۆیان بەدرۆ بە دنیادا بڵاویان کردبۆوە کە (مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان) بوو ! ئەوەیان زیاد لە هەموو کەس لە نەتەوەی کورد بەزیاد زانی و لێیان بێ لێوان خست ... لەوەش خەراپتر کوردستانیان پارچە پارچە کرد و هەر پارچەیەکیان بەسەر یەك لەو دەوڵەت و کیانە سیاسیە هەڵتۆقیوە دەستکردانەی خۆیاندا بەشیەوە !! نەتەوەکەمان بەم بار و واقعە سەپاو و ناشەرعیە قایل نەبووە و ملی بۆ نەداوە . لە خوارووی کوردستان شۆڕش و راپەڕینەکانی (شێخ محمود)ی مەزن و شۆڕشەکانی بارزان و راپەرینەکانی گۆیان و دەلۆ و شەڕی بەردەرکی سەرا؛ سولەیمانی ... لە باکوری کوردستاندا شۆڕشەکانی (شێخ سەعیدی پیران) و (ئاگری داغ) و (ئارارات) و (دێرسیم) ... لە خۆر هەڵاتی کوردستاندا راپەڕینی سمکۆ و کۆماری مەهاباد ... وەڵامی توند و گردەبڕی دانە دواوەی ئەو واقعە سەپاوە بوون .

داگیرکەرانی نوێی کوردستان بۆ کپکردنەوەی دەنگ و خواستی رەوای کورد و بۆ سەپاندنی ئەو واقعە داگیرکەری و ئیستعماریانە بەسەر کورددا هەموو رێیەکیان گرتۆتە بەر ... لە عێراقی لە پەسەڵی هاشمیدا هەموو راپەرین و شۆڕشەکانی کوردیان بە ئاگر و ئاسن دامرکاندۆتەوە و ئیهانەتی تاساندن و مرانی هەستی نەتەوایەتی و خۆ بە کورد و کوردستانی زانی کوردیان لە چوار چێوەی بوونە عێراقیدا گرتبۆ بەر ... ئێرانی پەهلەوی لە عێراقیەکان دڕندە تر و کۆنەپەرستتر بەگژ کورددا چوونەتەوە و بیرەوی سیاسەتی تواندنەوەی کوردیان لە چوار چێوەی (ئێرانچێتی و ئاریایەتیدا) کردوە ... لە تورکیای گورگەبۆردا رەپ و راست سیاسەتی بە تورك کردن و تۆوبڕکردنی کورد گیرابۆ بەر . هیچ رێگەو هۆیەك و ئامرازێك و کەرەسەیەك و هەنگاوێ نەماوەتەوە هەر لە رەش بکوژی و قەڵاچۆکردن و وێران کردنەوە تا راگوێزانەوەی کورد و جێنشین کردنی تورك و قەدەغەکردنی زمان و جلوبەرگی کوردیش، کە نەیگرنە بەر ! ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستانە رەشە شۆڤینیەی تورك تا ساڵانی پەنجای ئەم سەدەیە هەر بەردەوام و لە هەڵکشاندا بووە، کە دواتر بەرە بەرە داشکاوە و پاش ئەوەی سی ساڵان بەو ئامانجە گڵاوەیان نەگەیشتن دامرکاونەتەوە و کوردیش لەو تاقیکردنەوە سەختەدا بە سەلامەتی و پارێزگاری بوونی نەتەوایەتی خۆی لە کوورەهاتۆتە دەری، واتە قۆناغی مەترسی لەنێوچوونی میللی بڕیوە ... لە ساڵی ١٩٥٨ یشەوە و دواتر بە ئاشکراو رووهەڵماڵراوانەتر لە ساڵی (١٩٦٣)وە گەلی کورد لە کوردستانی سوریادا کەوتۆتە بەر شاڵاوی سیاسەتی بە عەرەب کردن و تا رادەیەکی زۆر لەم بوارە گڵاوە، شۆڤینیانەدا هەنگاو نرا ... بەڵام لە پاش ساڵی ١٩٧٠ و هاتنە سەرکاری دەستەیەکی نوێی دەسەڵاتداریێتی لە سوریا و راستکردنەوەی خەتی جەوتی پێش خۆیان ئەو کارە حەپەڵە راگیراوە و کەمێ باری شانی کورد سوك بووە، بەڵام بەتەواوی نەگەڕاوەتەوە دۆخی ئاسایی و سروشتی خۆی ... گەلی کورد چاوەڕوانی ئەوەیە دۆستایەتی مێژوویەنەی کورد و عەرەب بە ئاساییکردنەوەی ئەو بارە توند و تۆڵ تر کرێت ...

chalakmuhamad@gmail.com

خوارووی کوردستان، واتە کوردستانی بەزۆر بەستراو بە عێراقەوە، لەگەڵ کودێتا شومەکەی ساڵی ١٩٦٣ی بەعسدا بەر شاڵاوی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی بە عەرەبکردن کەوتوە ... بەڵام کەم تەمەنی بەعس و نغرۆ بوونیان بە دەستی عارف و بوونی شۆڕشی ئەیلول لە سنورێکدا رایگرتبوو، تا ساڵی ١٩٦٨ کە جارێکی دیکە ئەم بەعسە چەپەڵە شۆڤێنییە عەفلەقیانە کورسییەکەی بەغدایان گرتدایەوە ! دیسانەوە لە کورد لە ناوبردن و کوردستان بە عەرەبکردن هەڵچونەوە و ناوچە هەرە گرنگ و پڕسامانەکانی (خانەقین و مەندەلی و کەرکوك و زمار و زەنگار ...)یان لە بەرنامەی قۆناغی یەکەمدا بەرچاو گرتبوو ... ئەگەرچی لاوازی خۆیان و بوونی شۆڕش و رێکەوتنی چوارساڵەی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ و جەنگی یەك ساڵەی ١٩٧٥ جێبەجێ کردنی دەمودەستی ئەو پیلان و نیازە گڵاوەیانی کەمێ خاوکردبۆوە و دواخست ... بەڵام هەر پاش شکستی شۆڕشی ئەیلول و لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە زۆر بە پرتاو و بێپەردە کەوتنە خۆ و دەستیان دایە بە عەرەب کردنی ئەو ناوچانە. نزیکەی نیوەی هەموو کوردستانی خواروو کە ئەندەی رووپێوی هەموو بچووکیا دەبێت لە کوردستانی بەناو (ئۆتۆنۆمیدا)یە داپڕی و خستیانە سەر ناوچە عەرەبییەکان و زۆربەی دانیشتوانیان دەرپەڕاندن و عەرەبی خێڵەکیان لێ جێنشین کرد ! ئەمە لە کاتێکدایە کە چوار ساڵە صدام بە تەڵەی شەڕی دۆڕاوی (عێراق و ئێرانە)وە بووە و تەنها چوار ساڵی دوای ١٩٧٦ تا ١٩٨٠ی پێش ئەو شەڕە دەرفەتی لەسەر پشتی جێبەجێ کردنی ئەو تاوانەی بووە !! دەی ئەگەر ئەو چوار ساڵە شەڕەی ئیمڕۆ نەبوایە گەلی کورد چ رۆژانێکی رەشی بە چاوی خۆی دەدیت و نیوەکەی دیکەی کوردستان دەمایەوە ؟!! بەعسیان لەو خەونە نزیك دەبوونەوە کە (عێراق بەشێکە لە وڵاتی عەرەب) و شتێ نییە بە ناوی کورد و کوردستانەوە !!

هاو وڵاتیانی بەشەرەف :

بە بەراوردێکی پەلە و بەرچاوی رژێمی رەگەزپەرستی عێراقی و رژێمی رەگەزپەرستی فاشیی تورکی، ئەندازە و پلەی خەتەر و مەترسی رژێمەکەی (صەدام) دەردەکەوێت و هەموو چاوبەستێکی (هەق وەرگرتن)و (حوکمی زاتی راستەقینە) و (گفت و گۆ و مفاوضات) بەتاڵ دەبێتەوە :

١- دەسەڵاتدارانی تورکیا لە ساڵی (١٩٢٠)ەوە تا ساڵی (١٩٥٠) بە درێژایی ئەو سی ساڵە، بە هەموو توانا و تاقەتێکیانەوە هەوڵیان داوە کورد نەهێڵن و کوردستان بکەنە تورکستان و گەلی کورد بە تورك ناو نووس کەن و بیکەنە تورك ! لە هەرەتی تین و تاوی تورانیەتی شۆڤێنیزمی تورکیادا ئەوەی نەشیاوە و نەکراوە کردوویانە و گرتوویانەتەبەر. بەڵام لەبەر زۆر هۆ نەیانتوانیوە بگەنە نیازەکانیان. لەو رۆژانەدا و ئیمڕۆ و لە داهاتوشدا هەرگیز ئەو بار و هەل و مەرج وئیمکانە پەیدا نابێت، چونکە جارێکی دیکە کۆمەڵگەی تورك لە تورکیادا ناگەڕێتەوە سەر ئەو خورتی و یەك پارچەگی و هەرەت و هەستی گشتییە بەرپڵاوە شۆڤێنییەی سەردەمی ئەتاتورك. ئەو ململانێ توندەی نێوان چەپ و راستی تورك و ناتەبایی کۆمەڵایەتی و گەشە کردنی بیری دیموکراسی و ئازادیخوازانە و پێشکەوتنە نیسبییە سەری هەڵداوە، سەرباری هەزار و یەك کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسییە دەمی تێژە نەبوون و رزگاربوونیشیان لێی نییە ... بەرانبەر بە قاڵ بوونی گەلی کورد لە کوورەو بۆتەقەی ئەو چەند ساڵە سەختانەی ململانێی مان و نەمانە و تاو سەندنی هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی بە ئاگاهاتنەوە و هۆشیاری سیاسی کۆمەڵایەتی خەڵکی کورد، ئەو حاڵە شۆڕشگێڕی و راپەڕینە میللییەی سەرتاسەری کوردستانی گرتۆتەوە، هەمووی پێکرا ئەو دەرفەت و ئیمکانەی بنبڕکردوە کە کورد بتوێتەوە !.

٢- ژمارەی ١٥ ملیۆنی کوردی باکوری کوردستان و نزیکەی دووسەد هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشەی کوردستانی سەخت و هەڵەموت و دوورە دەست و تا رادەیەکیش هەژاریی ناوچەکە و نەبوونی سامانێکی وەکو نەوت ... چۆن لە سوود و بەرژەوەندی کورد و بەربەستی هاتنە دی خەونی تورکمان !.

٣- گرنگیتی بەوقعی جوگرافی و ستراتیژی دەوڵەتی تورکیا (بە کوردستانەکەشیەوە) و ململانێی نێو دەوڵەتی و گرنگیتی چ بۆ بەرەی خۆرئاوا و چ بۆ بەرەی خۆرهەڵات. سەرهەڵدانی بەرەیەکی بەرفراوانی حەپی تورکی و رۆژ بە رۆژ گەشە و پەرەسەندنیان، دیسانەوە هۆی (ئیجابی)ن بۆ کورد.

بەڵام ئەگەر دەوڵەتی عێراقی ئیستعماری ئیمڕۆکە بگرین :

١- ئەو سابیقەیەی هەیە و بەچاوانی کوێریشدا دەچەقن ئەوەیە کە بەعس لە ماوەی چوار ساڵاندا تواسیویەتی لە (بەدرە و جەسان و خانەقین و مەندەلییەوە تا کەرکوك و زمار و زەنگار و هەتا

chalakmuhamad@gmail.com

(عەقرە !!!)ش) لە کوردستان دابڕێت و بەشی عەرەب زۆری بکاتە عەرەب نشین و دانیشتوانی کوردی لێ دەربەرێنێ بیان بێ دەست و پا بکات ... کە ئەو کوردانەی بەر ئەم سیاسەتە کەوتوون بەوناوچانە هێندەی هەموو سەرنشینانی عەرسێ دەوڵەتی (بەحرێن و قەتەر و قبرص) دەبن !! ئەو رووبەرەش کە لە کوردستان دابڕاوە و بەعەرەب کراوە و لەسەر کوردستان هەڵگیراوە بتر لە دوو ئەوەندەی کوێت و پێنج ئەوەندەی هەموو بەحرێن دەبێت !!! ئەوەش تەنها و تەنها لە چوار ساڵاندا بە ئەنجام دراوە ! کە جوولەکە بەو هێندەی ئەمایان لە ماوەی سی ساڵدا لە فەلەستین پێ نەکراوە !!.

٢- بەعسی عەفلەقی عێراقی سەردەستە و باڵادەستترین بەرەی شۆڤێنی عەرەبن و لە عێراقیشدا لە هەرەشی دەست و تواناباندا بوون ... (معارض)ەی عەرەبی و عێراقی بە هەموو باڵەکانیانەوە زۆر لەوە لاوازتر و کەم دەستترن کە مەترسیەکی راستەقینە بۆ بەعس پێك بێنن ... ئەگەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و بەشا شاخەکانی کوردستان و بایەی شۆڕشی کورد نەبوایە و نەبێت کە ئەو (معارض)ە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازانە لەژێر باڵیدا تەعبیر لە خۆیان بکەن بە تەنێ خۆیان ئەوەیان پێ هەڵناسێ خەونە سەوزەکانی (صدام) تاڵ کەن !.

٣- عێراق دەوڵەتێکە (بەر لە جەنگ) لە رووی ئابووری و توانای داراییەوە لە وڵاتانی هەرە دەوڵەمەند و بەپارە و پوولە ... لە رووی سەربازی و هێزی شەڕ و سەرکوت کردنەوە کەم وێنە بووە لە ناوچەکە ئەم جەنگی چوار ساڵەی عێراق و ئێران بە ئاشکرا توانای ئابووری و سەربازی بەعسیانی بۆ دەرخستین... ئەم تواناو پارە و پول و عەسکەرە بڕژێننە کوردستانەوە، دیارە سەرئەنجامی ئەو ململانێ نابەرانبەرەی بەعس و کورد چ دەبێت !!.

٤- گەلی کورد لە خوارووی کوردستان بەو چوار ملیۆنەوەی، کە نزیکەی ملیۆنێکی یا دەرکراوە، یان راگوێزراوەتەوە، یا کردراوە و تۆقێندراوە و بە بەعس کراوە لە چاو هەشت نۆ ملیۆن عەرەبی عێراقی و چەند ملیۆنێکی میسریدا و لە بەردەم کەڵەی بەعسیاندا و لەو بەرە ئاڵۆز و بێ پەنایی و گەمارۆ درانەی کورددا، بە ئاشکرا دیارە تای تەرازووی بەخت چەند بەلای پیلانی لەنێوبردن و تۆو بڕکردنی کورددا لەنگە !!.

بۆیە کورد تەنها لە کوردستانی خوارووا لە بەردەم مەترسی جدی و نزیکە دەستی تواندنەوەو تۆوبڕکردنی میللیدایە ... بۆیە نەمانی (صدام) و رمانی رژێمەکە و سەرنگوون بوونی بەعس بە هەر نرخێك و بە هەر رێگەیەك بێت، فرسەتی راست بوونەوەی گەلی کورد و رزگاربوونمان لە خەتەر و مەترسی تواندنەوە دەنێتە بەر ... بەعس بمێنی و (صدام) راست بێتەوە کورد دەکەوێتە بەر مەترسی نەمان و فەوتانی میللی . حوکمی زاتی درۆینە و راستەقینە دەبێتە (پاش قەبرەکەی عەلی گیز و گوڵینگ !) !!.

دێینە سەر بەراوردکردنێکی دیکە :

١- کورد لە کوردستانی بەزۆر بەسترلو بە تورکیاوە، نەك هیچ مافێکی نە مرۆڤایەتی و نە نەتەوایەتی بۆ بەرچاو نەگیراوە ... هەر دان بە بوونی کوردیشدا نانرێت ! جلك و پۆشاکی کوردی قەدەغەیە زمانی ئاخاوتنی کوردی نابێت لە گوند و سەرجیاکان شێ بەرێت ! حاڵەتێکی نائینسانی بێ ئاییقەو بێ نموونەیە ! ... بەڵام بەدرێژی ئەو ٦٤ ساڵەی دوایی و لەتەك هەموو ئەمانەدا کورد هەر کوردەوەهە لە کوردستانەکەی خۆیدا یە، ئەو تورکانەش کە راگوێزراوون لەنێو دەریای ١٥ ملیۆن کوردەکەدا تواونەتەوە !! بەك بەست لە کوردستانیش بۆ تورکان ساغ نەبۆتەوە . بۆیە کورد لە بەردەم مەترسی توانەوەی نەتەوایەتیا نییە ... وایە ! هیچ و هیچ مافێکی نییە، بەڵام نەشتوانراوەتەوە و ناشتوانرێت و ممکن نییە بتوێتەوە .

٢- بەس لە عێراقی ئیستعماری و بەعسی و (صدام)یدا، کورد پاش سێزدە ساڵان شۆڕش و دەیان هەزار شەهید و قوربانی، لە رووی رەسمی و دەستوریەوە دان بە هەندێ مافیدا نراوە . حوکمێکی زاتیشیان بێ کەرەم کردووە ! زانکۆیە هەیە رۆژێ لە سولەیمانی و رۆژێ لە هەولێرە . بە زمانی کوردی دەخوێندرێ . رادیۆی کوردی هەیە . بەشی کوردی لە تەلەفزیۆندا هەیە . رۆژنامە و گۆڤاریشی بە کوردی دەردەچێت . جار و بار (صدام) دەشڵێت (شعبنا الکردی) و کوردستانیش ناو دێنی ! ...

chalakmuhamad@gmail.com

هەمووی وایە ... بەڵام !!

لە ژێر ئەم بار و هەل و مەرجەدا ... لە سایەی حوکمی زاتی بەعسیاندا لە ماوەی چوار ساڵاندا (٤٥٪)ی کوردستانی خواروو کراوەتە عەرەب نشین و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی دەربەدەر کراون ... لە (١٠٪)ی هەموو کوردستانی خواروو کە دوو هەزار گوندی تێدا بووە بە قوڵی (١٠ تا ٢٥ کم) و بە درێژایی سنورە دەستکردەکانی (عێراق ـ ئێران) و (عێراق ـ تورکیا) و (عێراق ـ سوریە) کاول کراوە و سوتێنراوە، خەڵکەکەشی لە گۆڕستانە زۆرە ملێکاندا بەخسبر کراون ! ئەوەی کە بەعەرەب کراوە هیچی وای کەم نییە لە ڕووبەری هەموو وڵاتی (دانیمارك) یان (سویسرا) !! ئەوەندەش کە ڕاگوێزراونەتەوە هێندەی ڕووبەری کۆماری جامایکا یان دە هێندەی میرنشینی مۆناکۆ یان ئەوەندەی نیوەی هەموو بەحرێن یان نیوەی هەموو دەوڵەتی (کوێت) دەبێت !!! هەر بۆ سەیر سێ لە سەر چواری هەموو خاکی لوبنان دەبێت کە دنیای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە !!! .

لە ژێر ڕەحمەتی بەعسیاندا سەدهەزار کوردی فەیلی دەربەدەر کراون و لە عێراق بەدەرنراون کە نیو هێندەی هەموو دانیشتوانی دەوڵەتی (قەتەر) دەبن !! لە ساڵی ١٩٧٥ وە تا ئێمرۆ ـ ئەگەر زۆر خاتری بەعسیان بگیرێت ! ـ هێندەی هەموو سەرژمێری میرنشینی مۆناکۆ بەگەورە و گچکە و خۆیان و میوانەکانیانەوە لە (أبو غريب) و (موسل) و (کەرکوك)دا کورد بەدارداکراون و کوژراون !! .

ئەمە جارێ (صدام) نەبەرزاوەتە سەر کورد و بەدبەختە هەروا فریا کەوتووە ... ئەمەی بە تاکە چوار ساڵان ئەنجام داوە ! چوار ساڵە بە تەڵەی ئەو شەڕەوە بووە، ئەگینا (صدام) و (بەعس) ئەوە نین هیچ کارێ بە نیوە و نیوە چڵی جێ بهێڵن ! ... بە تایبەتی ئەگەر کارەکە لەناوبردنی کورد و سڕینەوەی کوردستان بێت ...

ـ ئەمانە ڕەحمەت و بەرەکاتی تەنها چوار ساڵی حوکمی زاتی بەعسیانە !! گەلی کورد نزیکەی چل ساڵ لە ژێر حوکمی ڕەشی ئینگلیز و هاشمیەکان و (نوری سەعید) و (صالح جبر)دا بووە ... نە حوکمی زاتی ڕاستەقینە بووە و نە تەرەماش، بەڵام یەك دانە کورد لە کوردستانەکەی بەدەرنەنراوە و یەك بست خاکی کوردستانیش بەعەرەب نەکراوە و گوندێکی چوار ماڵیش ڕانەگوێزراوە و یەك ماڵە فەیلیش دەرنەکراوە ... پێنج ساڵانی حوکمی کەللەپوتی (قاسم)مان ڕاکێشا و هەر وابووین... چوار ساڵانیش حووتە عارف خۆیان پێتاقیکردینەوە ... پێشتر دوو هەزار ساڵ پتر لە ژێر سایەی حوکمی جۆێ جۆیێ داگیرکەردا بووین ... کورد هەر کورد بووە و کوردستانەکەشمان هەر کوردستان بووە ...

چواردە ساڵی ڕەشی بەعسە، کە تەنها چوار ساڵیان خۆیان بۆ تەرخان کردین و فرسەتیان لێ هێنابین، نیوەی کوردستانەکەیان بە زۆر کردە عەرەب نشین !! لەگەڵ بەعسدا وەك کابرامان لێ هاتوە (بۆ ریش چوو سمێڵی نایە بانی (!)) .

ئەمانە شتانێنین بە دەهۆڵی دڕاو و پل بادانی هەرزە چەواشەکانی حلێمانی و کۆمەڵێ بەزیووی، پشووسواری خۆفرۆش لە بیر جەماوەرەکە ببرێنەوە !! .

ئەمانە ناشوانرێن و ناکرێت بە ژێر گڵە بانی بەدرۆ (هەقی کورد) و (حوکمی زاتی ڕاستەقینە) و (گفت و گۆ و مفاوضات)ەوە .

ئەمانە ڕاستی بەرچاو و ڕۆژانەی بە چاودا چەقیووی ئەم چەند ساڵەی دوایین، بە زمان لوسی و چاپلوسی و عەوام فریودان و (تنظیر)ی ساختە جەتیانە داناپۆشرێن و ناشاردرێنەوە .

مەسەلەی ئێمرۆی کورد ـ بە تایبەتی لە خوارووی کوردستان ـ بەر لە هەرشتێ ململانێی مان و نەمانە ... مل ملانێی بوون یان نەبوونی کوردە وەکو نەتەوەیەك، مەسەلەی چارەنووس و بوونی میللیمانە ... مەسەلەی حوکمی زاتی ڕاستەقینە و درۆینە نییە ! مەسەلەی کام کاسە لێس، یان کام ئەفەندی و خائین و خۆفرۆش کورسیەکانی ئەنجومەنی (تەشریعی و تەنفیزی) پڕبکاتەوە و (جێگری تەختەی) صدام بێت و پارێزگاری فلان شوێن نییە !! مەسەلەی ئەوەیە (بەعس) و (صدام) بمێنن، تا کورد لەنێوبەرن ؟؟! یان بڕمێن و تەفرو تونابن و کورد لە شۆفێنیەتی عێراقی ڕزگاری بێت و بمێنێتەوە ؟!! .

chalakmuhamad@gmail.com

ئێمە ئەگەر دڵسۆزی و بەرۆشیمان بۆ مەسەلەی میللەتەکەمان نەبێت، دەبوایە حەزمان بکردایە ناحەزە سیاسیەکان ملی خۆیان بشکاندایە، دەبوایە بە پێی حسێبی سیاسەتی رووت و (سیاسەت بۆ سیاسەت) بووایە ئەگەر هانیشمان نەدانایە بۆ ئەو هەڵدێرە، هەر نەبوایە گوێی خۆمان لێ بخەفاندایە ( یان رێگەی ریسواکردن و تەتە لێکردن و لێکردنە قاومان بگرتایەتە بەر ... کە بە مەرزاعیەت و لە شلەژێنو هێمنییە، کە لەو پشوو درێژی و دەمەتەقێ زانستانەو بەو هەموو بەڵگەو بەرچاوخستنەوە ئەم باس و بابەت و ئەشکاتە پەکوتینەوە و شیدەکەینەوە تەنها بۆ ئەوەیە کە بەرژەوەندی نەتەوەکەمان سەروو هەموو اعتبارێك دەخەینەوە، کە تاکە کێشانە و پێوانەمان سوودی مەسەلەی رەوای نەتەوەکەمانە و بەس ... لەبەر ئەوەیە کە ئێمە قوتابی ئەو قوتابخانەین کە فێری کردووین (پێش ئەوەی هەرشتێ بین ... کورد بین) و (حیزب و کۆڕ و کۆمەڵ و رێکخراو هۆ و ئامرازن و بەختەوەری و سەروەری و ئاسودەیی میللەت ئامانج و مەبەستە) ... بیر و باوەڕ و رێباز وسیاسەتی حیزبمان هەر لەسەر ئەمەش هەستاوە و تا ئەو شوێنەش شەرەفی ئەوەمان دەبێت کە وەفادار بین بۆ ئەو بیر و باوەڕ و هەست و گیانە .

بۆ پتر بەرچاو روونی و بۆ رێگرتنەوە لە هەر بەهانە و بیانوویەك، بۆ مێژووی و بۆ بەتاڵ کردنەوەی جادووی جادووگەران و جاوبەستان، بەو پەڕی صەراحەت و روون و ئاشکرایی، حەزمان گرتن و دڵ زاگرتنی ئەم و ئەو و هیچ تێداهێشتنەوە، هەتا دوور لە هەموو اعتبارێکی پێویستی حیزبایەتیش، وەکو کورد و تەنها کوردانە لە سوچێکی دیکەوە دەمەتەقێیەك و گفت و گۆیەك بە دەووری ئەم مەسەلەیەدا هەڵدەستێنین و هەرچی حووجکە عەیبە بەو سەحرایەی وەردەکەین ... بۆ ئەوەی هەموو کەسێ حسێب و تەکلیفی خۆی بزانێ ... عیوادار بشین بە چاوێکی زانستانە و نەفەس ویشوویەکی دڵسۆزانە و زانستانەوە سەرنج بدرێت، یا وەکو کۆمەڵێ خەڵکی کورد سەرنجی بدەین و حەز و ناحەزی و خۆشەویستی و رق و لایەنگیری و دژایەتی و چاوی تەسکی حیزبایەتی و خۆمانە خۆمانە و بریاری پێشەکی و پێداگرتن و پێداچەقاندن لەسەر هەڵە بخەینە ئەولاوە ... هەموان بەندەی راستی و پاسەوانی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان بین و بەس ...

ئەو بەهانە و (تنظیر)انە چین کە دانە پاڵ بەعسی رەگەزپەرست و (صدام)ی شۆڤێنی حەلال دەکەن؟!

بەگەمەی لەوانەیە بووترێت : (ولاتمان لە مەترسیدایە و بۆ پاراستنی نیشتمان و بەرگرتن بە سوپای دوژمن پێویستە ناکۆکیەکان لەگەڵ رژێمدا خاوکرێتەوە !!) .

ئێمە دەڵێین : کام نیشتمان و مەبەست لە کام وڵاتە ؟! .

ئەگەر ئەو کیانە سیاسیە بڵێین کە پێی دەگوترێت (عێراق) و پارچەیەکی لە کوردستانی نیشتمانمان داگیرکردوە، خۆشی لە بنەڕەتەوە دەستکرد و دەستیاوی ئیستعماری ئینگلیزییە ! ئەوا (سەلا) لە عەقڵ و نەحلەت لە (نیاز)یان !! کەس بووە ؟ بیستراوە و دیتراوە ؟ کەسێ ئەشینی رمانی بەندیخانە و شکانی کۆتی دەست و پێی بکات؟؟! چ میللەتێ هەبووە و هەیە فرمێسك بۆ شکست و رمان و هەتا تەفروتونا بوونی داگیرکەر و ئیستعمارەکەی بڕێژێ؟؟! ئەگەر رۆژێ ئەمەریکا بەر هێرش و پەلامار بکەوتایە، پێتان وابوو (ڤێتنام)یەکان جەنگیان رادەگرت و دەچوون بەر بەو هێرشە بگرن؟! یان هەمیشە دوعای ئەوەیان بوو لە باتی کونێ هەزاری تێبێت و هەر لەسەر نەخشەش نەمێنی؟؟! شۆڕشگێڕانی (الجزائیر) لەبەر خاتری فەرەنسای داگیرکەر و (دیگۆڵ)ی دوژمنیان شەڕیان راگرت؟! ... سبەی بە هەر شێوە و رێگەیەك و لە هەر لایەکەوە (ئیسرائیل) و (خواروی ئەفەریقا) بکەونە مەترسیەوە و هەرەشەیان لێبکرێت، فەلەستینی و رەش پێستەکان دەدەنە پاڵ (تل أبیب) و (سالسبۆری)؟؟! .

خۆ ئەگەر مەبەستیش (کوردستان)ە داگیرکراو و بەزۆر بەستراوەکەی عێراقیش بێت؟ ئەوا بۆ کێ دیفاعی لێبکەین؟ بۆ کێو دژی کێ؟؟! بۆ کوردە؟ ئەگەر بۆ خۆمانە و بۆ کوردە، ئەگەر (کوردستان) وڵاتێکە و پەلاماری داوە و داگیرکەری چاوی تەماعی تێبریوە ؟ ... ئەوا تا دوا کوردی لەسەر بەکوشت بدرێت هێشتا هەر کەمە ! . (دیگۆڵ) دەیووت : (هەموو فەرەنسەویەکان دەکەمە قوربانی بستێ لە خاکی فەرەنسا) . چاکیشی ووتووە ! کە فەرەنسا لە لایەن نازیەکانەوە داگیرکرابوو و هێزە هاوپەیمانەکان پەلاماری (نازی)یەکانیان داو لەسەر خاکی فەرەنسا شەڕیان لەگەڵدا کرد و دەریان پەڕاندن ... دیگۆڵ و راست و چەپ و لیبراڵ و رادیکاڵ و دیموکراتخواز و کۆمۆنیست و کەسێکی

chalakmuhamad@gmail.com

بەرەنساوی ئەلەنەستان بەر بە لەشکری هاوپەیمانان بگرن و بە بەهانەی (بەرگری لە نیشتمان) بدەنە پاڵ نازیەکان ... بەڵکو هەوڵیان دا کە لەو کێشمە کێشم و ململانێیەدا سوود وەرگرن و نیشتمانەکەی خۆیان رزگار بکەن ... هیچ کام لەو وڵاتانەی ئەوروپاش نەهاتن بەر بە لەشکری (سۆفیەت) و هاوپەیمانەکان بگرن، گوایە دیفاع لە وڵاتیان دەکەن (مشتێ خۆفرۆش و ئەڵقە لە گوێ نەبن کە دەستکردی نازیەکان خۆیان بوون و لە مێژووی ئەو وڵاتانەدا ناویان زڕاو پاشانیش بە تاوانی ناپاکی لەناوبران !! .

ئەم (بدعە)تە ناپاکییە، خائینانە لە کوێوە هەڵدێنجن؟! و ئەم (تنظیرە) ئیستعماریە گێرە لەسەر کام تەون چنراوە؟! و خزمەتی کێی پێ دەکەن؟! و کێ راییسپاردوون ؟؟!!! ئاغایان !! نیشتمانی بەعس و تەخت و بەختی صدام لەمەترسیدا یە ! ئەوەی خۆ لە شەرێکی واوە بگلێنێ بۆ (صدام)ی دەکات و بۆ مانەوەی (بەعس)ە و بەس ! بەرگری لە بارێکی وا بەرگریە لە (قادسیەی صدام)ونۆکرێتی(جنود صدام)ە و بەس دەموو دیفاعێ لەو سنوورانە، لەو واقعە سەپاوانە دیفاعە لە خەت و نەخشەی ئیستعماری ئینگلیز و (پاسەوانێتی) ئەو کار و تەلیسەندانەیە کە شەصت و ئەوەندە ساڵ لەمەو بەر ئینگلیزەکان نەخشیان کێشاوە .

ئێمە ئەوە چاك دەزانین کە تەنها بە رمانی بەعس و سەرەونگوم بوونی (صدام) و هاتنی هەر سوپاو لەشکرێکی دیکە، کوردستان ناکەوێتە دەست کورد خۆیەوە ... یەکسەر و بە (کن فیکون) کوردستان ئازاد نابێت ...

بەڵام !!

خۆ تۆڵەمان لە (صدام) دەسێندرێتەوە ؟

خۆ داگیرکەرێکی شۆڤێنی سەرسەخت کەم دەبێتەوە ؟

خۆ لە مەترسی تواندنەوەی میللی رزگارمان دەبێت؟

خۆ کوردستان لە خەتەری کردنە عەرەب دەردەچێت؟

خۆ ئەو نیوەیەی کوردستان کە کراوەتە عەرەب نشین دێتەوە سەر کوردستان؟

خۆ ئەو سەدان و هەزان کوردە دەربەدەرانە دەگەرێنەوە سەر زێدی خۆیان؟

خۆ ئەو سەدهەزار کوردە فەیلیانە دەگەرێنەوە ؟

خۆ ئەو دوهەزار گوندە راگوێزراو سوتاوانە ئاوەدان دەکرێنەوە ؟

خۆ شۆفینیەت تووبر دەکرێت؟

خۆ گەلەکەمان پشوویەکی بە بەرد ادێت؟

خۆ داگیرکەر شەکەت و شکست دەبێت؟

خۆ دوژمن لاواز و لارە دەست دەبێت؟

خۆ (عێراق) چەندین ساڵی دەوێت تاراست بێتەوە و بکەوێتەوە گیانمان؟

خۆ ئەوانەی دێن ـ ئەگەر خەراپیش بن ـ ئەوەندە، ئەوەندە ساڵیان دەوێت تا سەرپێکەون .

و پەلامارمان دەن ... ئەو کاتەش ئێمە لە بار و هەل و مەرجێکی چێتردا دەبین .

ئەم شتانەش خۆیان پێش دێن و هیچ ئەرکێکی لەسەر کورد نییە ... بەڵام پارێزگاری (صدام)و رژێمەکەی ئەرکێکە بە کورد هەڵناستێ و هەڵیش بستێ هەزاران رۆڵەی کوردی تێدا دەچێت ... (بێهۆش)ی و (خەیانەت)ی واش لە مێژوودا هەرگیز نموونەی نییە !! ...

ئەگەر هەموو ئەمانەش بەلاوە نێین ! ... هیچ تروسکایییەك و هیوایەك لەو گۆڕان و فەرتەنەیە چاوەڕوان نەکەین ... وەکو دەڵێن (خێر و شەری بەرانبەر بێت) . ئەوەش بسەلمێنین کە کوردستان لەدەست ئەم داگیرکەر دەکەوێتە دەست ئەوی دیان ! خۆ لەمە ئیمکانی خەراپ تر نییە ؟! .

جا لەم حاڵەتەشدا، بۆ ئێمەی کورد کە (نەگامان لە گاراندایە) و نە هیچ ! نە سەردەسترازەکەی (صدام) رەنگین ترە و نە هیچ ! نە خێری، نەفەرێکمان لە رژێمی بەعس دیتووە و نە هیچ ! نە (صدام) پاشەڵی پاکە و نە دەست رەنگین و نە هیچ ! نە شەرەکەی (صدام) بۆ ئێمەیە و نە لەبەر خاتری ئێمەیە و نە هیچ ! هەموشی بە بیچەوانەیە ! ئەی کەواتە بۆ خۆ بکەینە (عەباسوور وکۆڵوانە سووری) بەر لەشکر؟! بۆ کوری کورد بکەینە خۆراکی (قادسیەی صدام)؟! بۆ بە دەستی خۆمان خۆڵ بکەین بەسەری خۆماندا؟! بۆ ببینە دارشەق و بچینە بنهەنگڵی صدام و رژێمەکەی؟! بۆ و لە پێناوی چیدا لەم دوایی دواییە و سەرەمەرگی (صدام)دا کورد بکەینە تابووتی ئەو لاشە

chalakmuhamad@gmail.com

تووپیوە؟! بۆ نابینە یارسەنگی کەس؟!.

نابێ و ناشێ و ناکرێت پیاوی ئەم و ئەو نەبین؟! نابێ و ناشێ و ناکرێت نەبینە سەرەنێزە و سەرەسونگی داگیرکەر؟! ئەری نابێ و ناشێ و ناکرێت، با بۆ جارێکیش بێت، دوژمنانمان سەر کۆزەرەکەیهان پێ نەکوتنەوە و نەمانکەنە کوتەکی ساوەر کوتاندن؟!.

دیسانەوە گریمان (بەرۆگرانی صدام) و (ئەو رژێمەی دێت)، بەرانبەر کورد، وەك (صدام) خەراپ بوون! ... ئەمە ناکاتە ئەوەی خۆ بدەینە ژێر (صدام)! ئەوە مانای ئەوە نییە خۆ بکەینە بەشێك لەو رژێمە گەندەڵە، داتەپیوە! کەی کاری واکراوە و کەی رەوایەهەقە رۆڵەی کورد بۆ جەنگی فسفس پاڵەوانانەی (قادسیەی صدام) رست کرێن؟؟!.

ئەری (صدام) و (بەعس) و (رژێمەکەی) ناناسین؟ جەزرەبەی مەرگمان بە دەستیانەوە نەدیتووە؟! نەیان کوشتووین و نەیان بڕیووین؟؟! هەرچی لە فەرهەنگی هەموو داگیرکەران و رەگەزپەرستان و فاشیستانی ئەم دنیایەدا هەبووە و بە (ئیبداع) و داهێنانیشەوە (صدام) بۆی بەکار نەهێناوین و پێی تاقی نەکردووینەوە؟؟! کام رژێمە خەڵکی بێ چارەی لە دار داوە و پارە و مەسرەفی لە داردانەکەش لە کەس و کاریان سەندووە و تەرمەکانیشیان پێ نەداونەتەوە؟! وەکو (صدام) لەگەڵ سێ هەزار کوڕی کورد دا کردوویەتی!! لە کام لاپەرەی کەڕاوەی مێژووی داگیرکەری بە چوار ساڵان نیوەی وڵاتێکی داپڕیوە و نیوەکەی دیکەشی لە بەرنامەدا بووە؟؟! وەك (صدام) لەگەڵ کوردی کردووە! بۆ (صدام) خەڵکی (مەریخ)ە، یان یەك لە ئەستێرە نەناسراوەکانی کاکێشانە، تا نەیناسین و بە لە خشتە بچین؟؟! چ میللەتێ، چ کۆڕ و کۆمەڵێ، ئەوەندەی کورد و عێراقیەکان، کەسێکیان وەکو (صدام) ئەزموون کردووە و تاقیکردۆتەوە و لە بواریان داوە؟! جارێك و دوان و سەدجاران دەستی پێیدا چزاوە و لە بن هەنگڵەوە بڕدراوەتەوە؟!!.

ئایا لە نێوان دژایەتی (صدام) و نارەزایی و ترسی (بدیل)ە کەس، هەر ئەو تاکە رێیە هەبێت کە بدرێتە پاڵ (صدام)؟! ئەمە وەکو ئەوەیە مرۆ لە تاو باران هەڵێ و خۆی بخاتە زەلکاوەوە!.

خۆ ئەگەر ناچاربین لەو (دووانە) یەکیان هەڵبژێرین، یان هەر نەتەوە و بزووتنەوەیەکی دیکە بکەوێتە بەردەم هەڵبژاردنی وا ناچاری ... بێگومان دژایەتی داگیرکەرە راستەوخۆ و تاقیکراوە هەبووەکە هەڵدەبژێردرێت ... چونکە ترس و خەراپی (صدام) بەرچاو و رووداو و (بوو)ە بە ... شـن (بدیل)ەکە ـ هەرچۆنێ بێت ـ لە حوکمی داهاتوو و نادیار دایە!.

ئەمە ئەگەر (منطق)ی سەوداکەران بسەلمێنین و بۆ ئەوەی رێ لە (دەوەن بەشاش) بگرین و هیچمان بەدەستەوە نەهێڵین ...

ئەگینا، جگە لەو دوو رێیە، جگە لەو هەڵبژاردن و (کەو و سوێسکە)یە، چەندین رێگەی جیا جیا و سەربەخۆ و کوردانە و شەریفانەی دیکە لە بەردەم بزووتنەوەکەمان و هەموو لایەنەکانیشدا هەن:

١ـ پێش ئەو جەنگەی (عێراق و ئێران) و پێش پەیدابوون و سەرکەوتنی (شۆڕشی گەلانی ئێران)یش، شۆڕش هەبووە و پێشمەرگەی کورد بۆ حسێبی خۆی و سەربەخۆیانە بەرانبەر ئەو رژێمە جەنگاون! لە هەموو روویەکیشەوە بار و هەل و مەرجی ئەو رژێمە زۆر سەختتریش بووە. لەپاش ئەو جەنگە و لە ئیمرۆدا، بار و هەل و مەرجی جێتر و لەبارتریش هاتۆتە پێشێ و مەسەلەی گەشەو نەشونمای شۆڕش و پەل هاویشتن و فراوان بوون و پێشکەوتنیشی سەد بەرابەر بۆتەوە ... ئەگەر شەری چەپەڵی کورد کوژی و گیانی پاوان خوازی و ئاژاوە نانەوە نەبوایە، لەو پەنجا هەزار سەربازە هەڵاتوانەی کورد نیوەشی بکرایەتە پێشمەرگە و بەگەر بخرانایە، توانا و وزەی هەموو لایەك یەك بخرایە، ئیمرۆ بەشی هەرەزۆری کوردستان رزگار کراو دەبوو، مەگەر رژێم تەنها مەڵبەندی شارەکانی بەدەستەوە بمایا ... بەمە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و دیموکراسی عێراقی لە بار و مەوقعێکدا دەبوون ئەوان (بدیل)ی (صدام) بوونایە ... دەتوانرا لە کوردستانی رزگارکراودا (حکومەتێکی ئیئتلافی دیموکراسی) دروست کرایە و هێزە ئاینی و مەزهەبیە بەرهەڵستکارەکانی عێراقیشی تێدا بەشدار بکرایە ... ئەوسا (شەر لە کوردستان)یش دوور دەکەوتەوە و لەشکری ئێران بەهانەی نەدەبوو بەرەی شەر لە کوردستاندا بکاتەوە. زووتریش (صدام) دەرووخا و کەمتر وڵاتەکە وێران دەبوو ... دۆستەکانی کورد و عێراقیەکانیش پتر دەکەوتنە خۆ و بەو حۆرە دوو دڵ نەدەبوون لە نێوان (صدام) و (بدیل)ی ئێرانیدا. دوور نەبوو ئێرانیەکانیش پشتگیری ئەو کارەیان بکردایە. کوردیش بۆ هەتا هەتایە، کلکایەتی عێراق و پاشکۆیی ئەم و ئەو رزگاری دەبوو و ئەو دەبوو (محور)ی رزگاری کوردستان

chalakmuhamad@gmail.com

و عێراقیش ... دوور نەبوو کیانی عێراقی لەسەر بناغەیەکی نوێ و رەوا و دروستیش بنیات بنرایەتەوە
ئەوسا لەسەر بناغەی (یەکیەتیەکی خۆویستی یەکسان و بەرانبەر) کیانی دەوڵەتی عێراقی دروست
دەبوو و شێوە و شێوازی (یەکیەتیەکی فیدراسیۆن یان کۆنفدراسیۆنی) دەهاتە پێش و گەلی کورد
((مافی دیاری کردنی چارەنووسی)) دەجەسپاو لەوە دەردەچووین جاومان لە (حوکمی زاتی)یەکی بێ
بناغەوە بێتە هەر فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداریەتیەکی عێراقی بەعەقڵیەت وەك کورتانی جەجاڵ بۆیمان
هەڵوەشێنێتەوە و جارێکی دیکە نە سفرەوە دەست پێ بکەین و ئاو لە دنگدا بکوتین ... وەکو بیست
و سێ ساڵە دەیکوتین و دەیکوتینەوە !! .

ئەوانەی ئیمرۆ دنیایان لەخۆ وێك هێناوەتەوە و (ندوات) دەکەن و خەڵکی بەگیانی سەرداو مامەڵە
پەروەردە دەکەن . بۆزش و بەهانە بۆدانە پاڵ (صدام) دەدۆزنەوە . لەملا و لا ئەوە بەگوێی خەڵکدا
دەدەن کە گوایە لەدوو بەرەدا شەڕ ناکرێت و بارێکی وا هاتۆتە پێشێ کە ئیمکانی بەردەوامێتی
خەباتی چەکدارانە و شۆڕش نییە ... ئەوانە خۆیان لە هەر کەس چێتر دەزانن کە بەڵگەو قسەکانیان
چەند دوورن لە راستیەوە ؟ ئەوانە خۆیان بارێکی وایان هێناوەتە پێشێ و بەدەستی خۆیان هەل و
مەرجێکی وایان رەخساندووە کە بەو سەرئەنجامە بگەن ... ئایا ئەمە لە سەرەتاوە بۆ ئەوە کراوە کە
زەمینەی سەودا و سەوداکاری خۆش بێت و لێیان بەعەیب و خەیانەت نەگیرێ؟ ئایا بۆ ئەوە بووە کە
بەهانە و بەڵگەی خۆدان بەدەستەوە پەیدا بکەن؟! ئایا بۆ ئەوە بووە خەڵکەکانیان بخەنە مەوقعێکەوە
(بەقسەی خۆیان بەناچاری) ئەو رێگە و هەڵدێرە هەڵبژێرن؟! یان حساباتی درشت و تێنەهاتووەزە ئەوەی
پێ کردوون؟ یان گیانی پاوان خوازی و هەڵپەی کورسی پەرستی و مەقام تەڵەبی و مل هوڕی ئەوەی پێ
کردوون؟ یان رق و کینە و (حقد)ی سیاسی بەو سەرئەنجامەی گەیاندوون؟! هەر کامێکیان و هەر شتێ
بێت پاساوی خۆدان بەدەستەوە و دەست لەگەڵ (صدام) تێکەڵاو کردن نادات! هەر چیەك بێت بەشی ئەوە
ناکات پەنا ببرێتە بەر (صدام)و رژێمەکەی !... لەم حاڵەتەشدا سەد و یەك (خیار)ی دیکە هەیە !
مێژوو ناپاکی لەکەس ناسەلمێنێ ... بەڵێ ! دیسانەوە باشە، راستە وا شەڕەکە گلایە سەرسنورەکانی
خوارووی کوردستان و هەندێ ناوچەشی گرتۆتەوە !... بێ خۆ کوردستان هەر بەری (حاجی هۆمەران) و
(شاربازێڕ) نییە !!... هەر لە (زاخۆ)وە تا نزیکی خانەقین و بەقوڵایی هەموو کوردستانێ و تا پەنا
شاری کەرکوکیش مەیدانی چالاکی پارتیزانانەی پێشمەرگەیە . ئێدی بۆ دنیاتان لەخۆ کردۆتە
چەرمە چۆلەکە و کونە مشکتان لێ بۆتە قەیسەری؟؟! کاتێ هەموو تەپۆڵکەیەکی کوردستان مۆڵگەیەك
سەربازی لەشکری عێراقی داگیرکەر بووە و سێ لەسەر چواری لەشکرەکەی لەکوردستاندا بووە و هەر
پێشمەرگەی دوو هیلیکۆپتەری بەر کەوتووە و دار و بەرد تەنرابوو، پێشمەرگە هەر هەبوون و دەستی
کاریگەریشیان لە رژێم وەشاندووە ! ئێستا سێ لەسەر چوار و پتری لەشکری بەشەڕی ئێرانەوە
خەریکە و هەزار و یەك کونی تێ بووە، ئیتر بۆچی دنیا رووخا و شوێنێ نەمایەوە نێو باوەشی (صدام)
نەبێت؟؟! ئەم کاڵا پۆرتکاو و پارە قەڵبە لە کام بازاڕ سەرف دەکەن و دەتانەوێ چ کڵاوێ بکەنە سەر
کورد! پیاوانە بڵێن : دەردە کۆن و تیراوێکەی رابردوو و کۆنمانە لێی هەڵداوینەتەوە و دەچینەوە
سەر ئەسڵی خۆمان ... بفەرموون : راسپێردراوین و فرمانمان پێ کراوە ... نەخێر بڵێن :
قیروسیایە و (دێزەیەتی) دەکەین و السلام ! .

٢- دەربارەی (وڵات پارێزی) بەتایبەتی رووی دەممان دەکەینە ئەوانەی بە (مارکسیزم)و(لینینیزم)ەوە
خۆیان بادەدەن ... با بزانین چەند لەگەڵ خۆیان راست دەکەن و چەند لەسەر خەتی ماموستاکەیان دەڕۆن؟

کاتی خۆی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بارێکی نزیك لەمەی ئێمە هاتبۆ پێش. روسیای قەیسەری لە
شەڕدا بوو لەگەڵ (ئەڵمانیا)دا، بەپێی حساباتی مێژووی و پێشکەوتوو و ناپێشکەوتوویی نیسبیەوە ؟
رووسەکان لەبەرەی هاوپەیمانەکاندا بوون کە لە چاو بەرەی سوێند خۆرەکاندا پێشکەوتووتر بووە ...
(لینین) وەك شۆڕشگێڕێکی رەسەن و راستگۆ لەگەڵ خۆی و بیروباوەڕەکەی نەچوو بداتە پاڵ رژێمی
قەیسەری و خۆ بکاتە (جُند قیصر)و بچێتە (قادسیەی قیصر)! چونکە وڵات لە مەترسیدایە و (روسیا)ی
دایك لەبەردەم خەتەردایە! بە پێچەوانەوە هەتا سوودی لەو ناکۆکی و بارە هەڵکەوتووە وەرگرت و
بە کۆمەکی (ئەڵمانیەکان) گەڕایەوە نێو وڵاتەکەی خۆی (تەبیعی نەبووە پیاوی کەس، پیاوی بیروباوەڕ و
ئامانجەکەی خۆی نەبێت) . کە گەڕایەوە ناکۆکیەکەی لەگەڵ رژێمدا خاو نەکردەوە، هەرچەندە رژێم
زۆریش باشە کشێی کردبوو و تەسلیمی زۆر لـــــ

chalakmuhamad@gmail.com

داواکاریەکانی جەماوەریش نەبوو، بەڵکو پتر و پتر تاوی بەو ناکۆکیە سەند و فرسەت و دەرفەتی لەباری دۆزیەوە و تەخت و تاراجی قەیسەری هەڵتەکاند ... کوا ئەو مارکسیەکانی لەم سەند و دەرسە گەورەیە چ فێربوون؟ ... بۆ مارکسیزم و لینینیزم ئیدیعاو خۆ هەڵدانەوەیە؟ ... چەند برگە و دەق لەبەرکردنە ؟؟ ! .

دەرسێکی دیکەی (لینین)یشتان بیر دەخەینەوە ... کاتێ کە تارمایی جەنگی یەکەمی جیهانی نێزیک بۆوە و دەوڵەتانی ئەورووپایی هەر یەکەی بۆ پتر خۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی ریزەکانیان و بۆ ئەوەی چێتر بتوانن لە جەنگەکە رۆچن ... زۆربیان کەوتنە سەر ئەو بیرەی (دیموکراتخواز و چەپ و مارکسیزمەکانیش) لە حوکمدا بەشداربکەن و هەندێ امتیازاتیان بۆ نیقابە و کرێکارەکان بەرچاو خست ... هەندێ لە چەپ و مارکسیزمەکان بەشەوارەکەوتن و کەوتنە بەهانە و بیانوو هێنانەوە و (تنظیر) کردن .... (لینین) لە هەموویان رابەری و دژیان وەستایەوە، دەیووت : ئەمە شەری ئێمە نییە، بۆ خۆ بکەینە خۆراکی؟! ئەوەی بەرهەمەکەی دەبات تەنها و تەنها بورژوازیە ! . . . . . . . راستیشی دەکرد و قسەکەی ئەویش دەرچوو ... دەی ئەم (هەرە چەپ و هەرە راستە)، ئەم (شۆڤینی و وڵات پارێزیە)، ئەم (رەگەزپەرست و نەتەوە خوراوە)، ئەم (فاشی و بەناو مارکسیزم)انە چۆن و بە چ مەزهەبێ لە مەنجەڵی (قادسیەی صدام)دا دەکوڵێن؟؟ ... دەک ماڵتان بڕێ لەو هەموو کتێبە ئەستوورانە ئەمە فێر بوون؟! ئەوەی ئێوە دەیکەن جامی وێنەیەکە تەنها پێچەوانەکەی راستە ! ...

٣- (وڵات پارێزی) و (دیفاع لە نیشتمان) ئەرکێکی میللی پیرۆز و پێویست و شەرەفمەندانەیە، هیچ شتێ سەروو شەرەف و ئەرکی نیشتمانی و پارێزگاری وڵات ناکەوێتەوە . بەڵام دەبێت مەفهومی وڵات دیاری کرێت . میللەتێکی داگیرکراو و ژێر دەستە و ئیستعمارکراو، وڵاتەکەی وڵاتی داگیرکەرەکە نییە ! ... بۆ ئەوەی پتر ئەم لایەنە روون کەینەوە و مەودای لەخشتە بردن و خەڵەتاندنی تێدا نەهێڵینەوە دەڵێین : ئەگەر گریمان نەتەوەی کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبوو، کەسێ، بێگانەیەك، داگیرکەرێ بە هەربیانوویەك پەلاماری نیشتمانەکەمان بدات و وڵات و دەوڵەتەکەمان بخاتە مەترسیەوە ... ئەوسا ئەرکی هەموو رۆڵە دڵسۆز و جوامێر و شۆڕشگێر و شەریفەکانی ئەوەیە، لە هەر چین و توێژ ئێکبن، سەر بەهەر بەرە و لا و بیروباوەڕێکبن، چەند ناکۆك و ناتەبابن ... ئەو دەسەڵاتدارێتیە هەرچیەك بێت و نەبێت ... هەموان دەست لەنێو دەستی یەکدی نێن و ناکۆکی و ناتەباییەکانیان بەلاوەنێن و لە یەك سەنگەردا دژی داگیرکەر و بێگانە بجەنگن، نیشتمانەکەیان لە مەترسی و خەتەری دوژمن رزگارکەن، هەر بۆ نموونە فەرەنساویەکان بە هەموو حیزب و رێکخراو و چین و توێژاڵ و بەرە و لایەکیانەوە، هەر لە راسترەوە هەرە موحافزکارەکانەوە تا ئەوپەڕی چەپرەوە توند و تونەکانەوە لە بەرەیەکی رزگاریخوازانەدا کۆبووبوونەوە و رابەرایەتی (دیگۆڵ)یشیان قەبووڵ بوو . یەك مەسەلەی گشتی و بنەرەتی و هەرە باڵا گرێی دابوون، ئەویش دیفاع کردن بووە لە (فەرەنسا)ی هەموویان ... کاتی خۆشی کە یابانیە داگیرکەرەکان پەلاماری (چین)یان دا و چاویان بڕیبوو نیشتمانی چینیەکانەوە، (ماوتسی تۆنگ)ی رابەری شۆڕشی چینایەتی و پرۆلیتاریای چین، لەگەڵ هەموو ناجەزی و ناکۆکی و کێشە کێشمێکی لەگەڵ حکومەتی (کۆمینتیانگ)دا، ئامادە بوو و زۆر زۆریش هەوڵی دا کە هاوکاری (چانکای چیك) بکات و لە یەك سەنگەردا دژی یابانیەکان بجەنگن ... تا گەیشتە ئەوەی (ماو) بەئاشکرا دەیووت : (پێویستە خەباتی چینایەتی بکرێتە قوربانی خەباتی نیشتمانی ئیمرۆکەمان دژی یابان ... ) ... هەر ئەو (ماوتسی تۆنگ)ە تا ئێستەو شوێنەی ئەمەریکیەکان دژی یابان بوون و بۆ حسێبی خۆیان بەرەنگاری (یابان) ببوونەوە، دژی ئەمەریکیەکان نەوەستایەوە و بەڵکە سوودیشی لەو ناکۆکیە وەرگرت ... نەچوو بداتە پاڵ (یابان) دژی سوپای ئەمەریکی گوایە دیفاع لە نیشتمان دەکات !! ...

ئەمە نیشتمان پەروەرێتی راستەقینەیە و ئەمە دڵسۆزیە بۆ وڵات ... خەڵکی وای کردوە بۆیە رزگار بووە و بۆیە بۆتە رابەری میللەتی خۆی ... ئێمە تازانین (کورەزاکانی ماو) کە یەکی کتێبێکی سوور لەبن هەنگڵیاندایە و دەیلێنەوە و دەیلێن ... چی لەم دەرس و دەورەوە فێربوون؟! .

٤- لە باتی ئەوەی یەکی ناکۆکیە سەرەکیەکە لەگەڵ داگیرکەردا بخرێت و لە بری ئەوەی ململانێ و ناکۆکیە بنەرەتیەکە لەگەڵ رژێمە رەگەزپەرستەکەدا خاو بکرێتەوە و بکرێتە داکۆکی لە رژێم و

chalakmuhamad@gmail.com

خۆ تاریشتنە شامێزیەوە ... ئەو ناکۆکیە لاوەکی و سانەوبیانەکانی نێو هێزە شۆرشگێڕ و دلسۆزەکانی کوردستانی و عێراقیشتاو پێ نەسەندرایەوە و نەتەقێندرایەتەوە ... بەلاماری پێشمەرگـــــەو لایەنگیر و بنکە و بارەگاکانی لایەنەکانی دیکە نەدرایە ... بەویست و گوێی جەماوەر بکرایـــەو سنووری بۆ شەری چەپەلی کورد کوژی دابنرایە ... بە پیر بانگەواز و داوای دۆستانەی لانەکانـــی دیکەوە بچوونایە ... بەرەیەکی کوردستانی پێك بهێنرایە ... راست تروزدلسۆزانەتر و شەریفانەتیر نەدەبوو؟؟ ئیمرۆش ئەوانە نەدەخلیسکانە ئەو مەوقسەوە کە پەلەقازەی تێدا دەکەن ... کە هەر هەمنوو ئەمانەش نەبووە و نەکراوە دیسانەوە ئەوە پاساوی ئەوە نادات و ئەوە حەلال ناکات کە کەس بداتە پال (صدام) و رژێمەکەی ! ...

ـ لە حالەتێکدا هەرجی بەهانە و بیانوو و (تنظیر)ێکی ئەوانە بشەسەلمێندرێ و ئەوانی لێ بەراست بگیرێ کە دەرفەتی مانەوەیان لە شاخ نەماوە و مەودای پێشمەرگایەتیان لێبراوە ... یان ناچـــاریان لێدەکات (شێوەی خەباتیان بگۆرن) و (خەبات چەند جۆر و چەند شکلێ هەیە !! ...) .

ئەوا دیسانەوە کورت دێنێتەوە و بەشی داپۆشینی عەیب و پاساودانی خۆدان بەدەستەوە ناکات .... لەوانەیە ئەتا چەك سەرە و خوار کردن و مەیدان چۆل کردن و (ئاشبەتال)یش لە هەندێ بار و هەل و مەرجدا تەفسیرێك و حیلە شەرعێکی بۆ وەدۆزرێ، بەلام خۆ هاویشتنە باوەشی دوژمنەوە و خۆ کردنە بەشێك لە داگیرکەر، خۆ بەستنەوە بەچارەنووسی (صدام)ەوە و بوونە (جند قادسیة صدام) وگەرانەوە بۆ ریزی (نیشتمانی بەعسیان) و جووت لەگەل جاش و جاشی شەعبی و ئەمن و ئیستخبارات و جەللادانی نەتەوەکەمان، ناپاکی و خەیانەتێکە، بەزمانی یاساناسەکان (مع سبق الاصرار!!) .

لەوانەشە وەکو وتویانە (قول حق اريد به الباطل ـ قسەیەکی راست بۆ مەبەستێکی چـــــەوت)، بلێن : (خەبات چەندین جۆری هەیە . هەر هەل و مەرجەی جۆرێك پویستە دەکات . بارێکی وا هاتۆتـــە پێشێ کە دەتوانین بەخەباتی سیاسی و هێمنانە بەمافەکانمان بگەین ...) .

گومان لەوەدا نیە کە خەباتی چەکداری بالاترین شێوەکانی خەباتە، بەلام تاکە شێوەش نییە . خەباتی سیاسی و فیکری و جەماوەری و پەرلەمانی و مانگرتن و خۆ پیشاندان و چەندین جۆری دیکەش هەن . هیچ گومانیش لەوەدا نییە و بە تاقیکردنەوەی هەموو میللەتانی دنیا و میللەتەکەی خۆشمانەوە دەرکەوتووە کە تاکە شێوەی خەبات و تاکە رێگەی ململانێ و بەرەنگاربوونەوەی (رەگەزپەرستایەتی) و (فاشیزم) تەنها چەکە و چەك ! ... (صدام) و بەعس جگە لە زمانی تفەنگ و کوتەك چ زمانێکی دیکـــە نازانن و لە ئاستی زۆر و چەکدا نەبێت هەرگیز چۆك دانادەن . هەموو نەرم و نیانی و ســـــەودا (مرونەت)ێك بەرانبەر (فاشیزم) پتر شێرە و شێتگیر تری دەکات و زیانەکەی پتر دەکات ...

پێمان دەلێ : کشانەوە و سەودا و (مرونەت)ی (چەمبرلین) لە بەرانبەر هیتلەردا هۆی هەرە سەرەکی کەللە شەقی هیتلەر و شێرەبوون و شێت گیر بوونی بووە ! لە سەرەتاوە ئەگەر بەرەنگاری هەلوێستی توند و گردەبرانەی وەکو (چەرچل) بووایەتەوە لەوانەبوو جەنگی دووەمی جیهانی نەقەومێ ... بشبوایە ئەوەندەی زیان نەدەدا ... ئەو هەموو کشانەوە و دانەدراوە و سەودا و خۆتەسلیمکردن و مێچکـــە مێچکەی هەندێ لەکاربەدەستانی شۆرشی ئەیلوول نەبووایە و ئەو هەموو پاشەکشێیەیان بەنـــاوی (مرونەت)ەوە نەکردایە، هەلوێستی رابەری شۆرشەکەیان بەرچاو بگرتایە و لەو باس و بابەتانـــەی قرەی لەسەر بوو و ساغ نەکرابوونەوە، ئەوەندە چاوپۆشی و پشوو درێژیان، لەسەر حسێبـــــی کورد، بەخەرج نەدایە و چاویان لە راو هەلوێستی سەرۆکی شۆرشەکە بکردایە، بۆ نموونە لەســـەر مەسەلەی کەرکوك کەیان ئەوە(ئ)بوو کە (صدام) مل بۆ ئەو داواکاریانە بدات و پاشان ئەوە بەســـەر کورد نەدەهات ... یان هەر لەسالانی ۱۹۷۰، یان ۱۹۷۱ و ۱۹۷۲ دا شەرەکە دەبۆوە، ئەوسا (صدام) لە هیچ روویەکەوە لەوبارەدا نەدەبوو کە پاشان لە ۱۹۷٤ دا خۆی تێدا دیتەوە و شۆرشەکەمان هەرەس پێهێنرا ... هەل و دەرفەت و فرسەت، هەر جاری میوانت دەبێت ! رۆژگار و کات دەوری کاریگەریان هەیە لەژیانی میللەتاندا ... ئەو فرسەتەی ئیمرۆ دێتە پێش و زامنی مسۆگەری سەرکەوتنت دەکات، لێی گەرێی لەدەست بچێت، لەوانەیە هۆکاری تێشکاندنت بێت ... مێژووی میللەتەکەمان و خەباتی رزگاریخوازیمان لیپا و لیپن لەو نموونانە و ئێمە هەمیشە کوشتەی (توفیب)ی لەبار و هەلکەوتوو بووین ...

chalakmuhamad@gmail.com

نەخێر ! ئاسا ئەوەی قسەی ئەوان بێت !!
گیر گۆڕین و سەنگەر گۆڕکێ وا دەبێت ؟!

گۆڕینی شێوەی خەبات مانای ئەوەیە لەسەر جیاکانەوە بخزێتە نێو باوەشی (صدام) ەوە ؟؟! مانای ئەوەیە تفەنگەکەت بخەیتە خزمەت (قادسیە) شوومەکەی بەعس ؟؟! مانای ئەوەیە لە سەنگەری کوردایەتیەوە شۆڕبیتەوە نێو سەنگەرەکانی جاش و جاش شەعبی و سوپای داگیرکەرەوە ؟؟! مانای ئەوەیە خۆت بکەیتە خزمەتکار و بەردەستی پیاو کوژ و جەللادانی دوێنێت؟؟! .

ئەمە شێوەی خەبات گۆڕینە ؟؟ ... یان سەنگەر گۆڕین ؟ و خۆ دۆڕاندن ؟ و تەسلیم بوون ؟؟!

– لەوانەیە ئەوەش بڵێن کە (گەلی عێراق بە رژێمی ئیسلامی و (بدیل)ی ئێرانی قایل نییە ! ...) ئەمان بۆیە دەدەنە پاڵ (صدام) بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە نەقەومێ و ویستی گەلی عێراقی جێبەجێ بکا جارێ !

یەکەم : (رژێمی ئیسلامی) و (بدیل)ی ئێرانی با چەند احتمالێکی بەهێزیش بێت ، بەلام (احتیمال)ێکە لە نێوان چەند احتمالێکی دیدا ... بە ئەندازەی بوون و جەماوەریەت و قوربانیدان و سیاسەتی دروست و جەماوەر لە دەور خڕبوونەوە و پشکیان لە رمانی رژێمدا ، ئەم احتمال یان ئەوی دیسان دێتە پێش .

دووەم : هیچ سەرژمێر و گشت پرسی نەکراوە تا بزانرێ گەلی عێراقی چی دەوێ و کێی دەوێت؟! ئەوەی بەئاشکرا و مسۆگەری و رای هەمووان نایەوێت رژێمی صدام و بەعسایەتیە . واتە رمانی بەعس چەند و چوون هەڵناگرێت و نابێت لەسەر ئەمە هیچ تەفسیر و تأویلێک هەڵبستێ و بە هیچ جۆرێ کارێ بکرێت ئەو رمانە دوا بخات ... پاش ئەوە گەل خۆی چی دەخوازێ ئەوە داوادەکات .

سێیەم : بۆ ئەم خەڵکە لە خۆیەوە خۆی کردۆتە ریش سپی جەماوەر ؟! هەموو کەس و لایەنێک بۆی هەیە بڵێ : من و ئێمە ئەوەمان دەوێت و ئەوەمان ناوێت . نەک گەل ئەمەی دەوێ و ئەوەمانی ناوێتە.. خۆ (صدام)یش دەیووت و دەڵێ : گەل خۆی قادسیەی دەوێت و لەوەش بەولاوە بۆ (نەتەوەی عەرەبی) ... دەکات !!! ...

چوارەم : ئەگەر ئەوەشمان سەلماند کە (گەلی عێراقی رژێمی ئیسلامی گەرەک نییە !) ئەوە ناکاتە ئەوەی بۆ بەرگرتن بەو احتمالە (صدام) زیندووکرێتەوە و گیان بە بەر بەعسدا بکرێتەوە ... مانای ئەوە نییە رۆڵەکانی کورد بکرێنە خۆراکی ئەو شەڕەو بالاگەردانی بەژن و بالای صدام !... هەتا لە حاڵەتی بەرانبەریی ناحەزی و نارەزایی لە (صدام) و (بدیل)ەکەشی – کە ئەم ئەوپەڕی احتمالی خراپەیە و خاترگری صدامیشە ! – هۆش و (منطق) و دڵسۆزی و کوردایەتی ئەوە دەخوازێ بێلایەن بین لەو شەڕەدا ... ئەگەر کۆمەک بە رمانی (صدام) نەکرێت، ناشبێ و ناکرێت، بە هیچ مەزنە بێتێک، ببنە پارسەنگی سوارە گلاوەکەی قادسیە ! ...

بۆ چوونی وا خێڵ و خوار و گیر لە قتووی کام عەتاری سیاسەتدا هەیە، لای سەوداکەران نەبێت؟؟!

ئێمە لێرەدا دەپرسین : بەرگرتن و نارەزابوون بە (رژێمی ئیسلامی) و (بدیل)ێکی صدام، تەنها هەر بەو رێگەیە دەبێت مرۆ بچێتە باوەشی بەعس و خۆ بکاتە (جندصدام) و سوارەی قادسیەی دۆڕاو؟؟! ئایا ج رێگە و شێوەیەکی دیکە نییە بۆ تەعبیرکردن لە خواستی گەلی عێراقی، ئەگەر درۆناکەن ؟؟! .

لەوانەشە بڵێن : (رژێمی ئیسلامی) هیچی پێ نییە بۆ کورد ... بەڵگەش کوردستانی خۆرهەلاتە ! .

ئێمە لە وەڵامی ئەمەدا ،کە تەنها راستی و بەرژەوەندی نەتەوەکەمان بەرچاو دەگرین ،دەڵێین :

یەکەم : زۆر دەمێکە بەسادە و رەوانی و بەزمانی جەماوەر ووتراوە (هەق دەسێنرێ، نادرێ !) کەس نەبووە و نییە رەحمی بۆ میللەتێکی ژێردەستە بتلیسێتەوە و لەخۆڕا و لەرای خوادا هەقی کەس بدات ئەگەر هەبوێت و لە ئاستێکدا بووبێت کە بەرانبەرەکەت حسێبت بۆ بکات و زانیشت ئەو هێزو توانایەت چۆن بەکاربێنی ... ئەوا لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا و لەگەڵ هەموو کەسێکدا دۆستایەتیش و دوژمنایەتیش بێ دەکرێت ... کە نەبوویت و هیچ نەبوویت، یان نەتزانی بوونەکەت چۆن بەکاربێنی، ئەوا ئەوپەڕەکەی فسنێ لەسەر گۆڕەکەت هەڵدەجنن ... ئەمەش دەستووری (پەلەکزێ) .

دووەم : ئیسلامی راستەقینە و بەو جۆرەی لە بیروباوەڕێکی ئاسمانی پیرۆزی وەکو ئیسلام چاوەڕوان دەکرێت و بەپێی دەقەکانی قورئانی پیرۆز – بێ تەفسیرات و تأویلاتی نەبلاولاے مەسەلەی حەوساندنەوەی میللی و رەگەزپەرستایەتی بەرچاو نەگیراوە ... ئەوەندەش تەبیعەتی جیهانگەری و

chalakmuhamad@gmail.com

نا نەتەوەیی (أممی) یانەی هەڵبکرێت و لە چوار چێوەی ئاینەکەدا ئەمڕۆ مافێکی یەکسانی و جۆرێکی گەلان دەسەلمێنێ ،

بۆیە دەبێت دووشت جیاکرێنەوە ، یەکەمیان : ئیسلام وەکو ئاین و بیروباوەڕێك و دەستورێکی سەرتاسەری ژیانی کۆمەڵایەتی ... دووەمیان : ئەوانەی کە خۆ دەکەنە خاوەنی ئاینەکە و حوکمەکانی (تطبیق) دەکەن . ئەگەر ئەو دوو شتانە جووت نەبوون و یەك نەهاتنەوە ، یان لێك دابڕان ئـــەوا ناتەواوی و کەم و کوڕی و دابڕانەکە دەگەڕێتەوە بۆ دووەمیان ، واتە بەناو موسڵمانەکە نەك خەلیفەو ئیسلامەتیەکە .

**سێیەم : ئێمە پێمان وایە و بە ئاشکراش دەڵێین ، کە گەلی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات لەلایــە مەلا تەسعیەکانی ئەگە بخۆرە ، نەك بچووکترین مافێکی میللی – هەتا بەپێی ئیسلامەتی و قورئانیش – بۆ بەرچاو نەگیراوە ... بەڵکو ستەمی میللیشی لەسەر هەڵنەگیراوە ! .. هەرچەند بووترێت و هەر بەهانەیەك بێنە پێش هیچ لەو راستیە گەل ناکات کە ئەو رژێمە ئیسلامیە لە بەرانبەر ــــوار و تاقیکردنەوەیەکی سەختدایە و دەبێت رووی مرۆڤ دۆستانە و ئاشتیانە و دادگەری خودایانەی خۆی بە دانپێدانان و بەرچاو گرتنی هەموو مافە مرۆڤایەتی و نەتەوایەتیە رەواکانی گەلی کورد دەربخات . ئەمەش تاکە رێگەیەکە بۆ متمانەی هەموو نەتەوەی کورد بەو رژێمە و ئاوێتە بوونی کوردایەتـــی و ئیسلامەتی لە ناوچەکەدا بۆ پاکتاو کردنی هەموو شوێنەوارێکی ئیمپریالیزم و داگیرکەری و زوڵم و ستەم لە ناوچەکەدا ... بێ گومان لەمەدا بەردەوامێتی و دەرخستنی ئیسلام و بەرژەوەندی نەتەوەی کــورد پەیدا دەبێت ، بیست و پێنج ملیۆن کوردی ژێر ستەم و داگیرکراو و چەوساوە ئەگەر ئەو رووە گەشەی ئیسلام ببینێ و بە (عملی) بۆی بە ئیسپات بگات ... ئەو رەقمە بیست و پێنج ملیۆنە بۆی هەیە هەموو بوونێکی ئیستعماری و زوڵم و ستەم لە ناوچەکەدا پاکتاو بکات ... واش نەبێت ممکن نییە ئەتەوەکەمان لەژێر هیچ بار و هەل و مەرجێکدا دەست بەرداری مافی رەوای خۆرسکی خۆی بێت .**

چوارەم : بێ ئەوەی ئەمە بکاتە دیفاع کردن لەسەر هیچ رژێمێك ، یان داپۆشینی هیچ کەم و کوڕیەك یان (تزکیە)ی ئەم و ئەو ، یان لایەنگیریی خۆڕایی هیچ کەس ، چونکە ئێمە تەنها لایەنگیری هەق و داد و رەوا و مافی میللەتی خۆمانین و بە ئەندازەی سەلماندن و بەرچاوگرتنی ئەوانە و سنوور و بەرژەوەندی جەماوەرەکەمان دۆستایەتی یان دوژمنایەتی هەرشتێ دەکەین ! ... بەو حاڵەی ئیمڕۆش هەیە کە ئێمە پێمان حاڵەتێکی نائاسایی و ناسروشتییە و هەرگیز امکانی بەردەوامێتی نییە ... ئەگەر لە بواری بەراوردکردن و پێك گرتنەوە ، تەنهاش لە سووچی مەسەلەی میللی کوردەوە – چونکە لانەکانی دیکــە قابیلی بەراورد نییە – ، بەراوردی رژێمێکی رەگەزپەرست و شۆڤێنی وەکو ئەوەی بەعس و رژێمێکـــی ئیسلامی داهاتوو لە عێراقدا بکرێت (با لەو بابەتەی ئێرانیش بێت) ... بە ئاشکرا ئەوەمان بـــۆ دەردەکەوێت : –

یەکەم : رژێمی شۆڤێنی و رەگەزپەرستی بەعس بەرنامەی توانەوە و تووێبرکردنی کوردی پێیـــە . بەشێکی زۆریشی لەو بەرنامەیە ئەنجام داوە . بەعس بەوەندە داناکەوێت کە مافەکانی کورد بـــن لێوان خات !. لەوێدا راناوەستێ کە بڵێ (هەموومان عێراقین و کورد و مورد چییە) – وەکو لە سەردەمی ئینگلیزەکان و حوکمی بنەماڵەی هاشمیاندا دەووترا !! – صدام و بەعس قەستی سەری کوردیانە . دەیانەوێ کورد نەمێنێ و کوردستان لەسەر نەخشە بسڕدرێتەوە !! کورد لە نیشتمانی هەزار ساڵەی باب و باپیریدا دەرپەڕێندرێ و عەرەبی خێڵەکی و میسری لە شوێنیدا جێنشین دەکەن ، ئەگەر بۆ ئاسان کردنی ئەو بەرنامەیە و هێمن و هێورکردنەوەی کورد پێویستی کرد شرە حوکمێکی زاتیش دەدەن !! ئەوەیش تارای سوورە دەیدەن بەسەر میللەتەکەدا تا لەژێر چەقۆدا پەلەقاژێ مەرگ نەکات !!! .

دووەم : بەڵام رژێمێکی ئیسلامی (ئەگەر لەسەر هەمان تەون و دەستووری ئێرانیش بێت) وەکو واپێ دەچێت وا دەبێت و ئێستاکە دیارە ، لە خەراپترین حاڵەت و احتمالیدا هیچ حەقێکی نەتەوایەتـــی دیار و ئاشکرای بۆ کورد پێ نابێت ! بەڵام بەرنامەی توانەوەی کورد و سڕینەوەی کوردستانیشـــی پێ نییە ... هیچی بۆ کورد پێ نییە بەڵام نەخشەی تووێبرکردنی کوردیشی نەکێشاوە . بەس خـــۆ کوردیش دەستی لە گۆزەدا عاسی نەبووە و مەر نییە نقەی لێوە نەیەت !! ...

ئەمەش جیاوازیەکی گەورەیە ، ئەگەر بە سوودی رژێمە (بدیل)ەکە حسێب نەکرێت ، بە هیچ کلۆجێـــك نەرەوایە و نە (منطق)ی سێنە سارسەنگی صدا، !! .

chalakmuhamad@gmail.com

سۆکرمان ئەم ماناکانی ... رژێمی ... ئاسان توێنیتەوە و بەس ! بەڵام لە نێوان رژێمێك کورد بتوێنێتەوە و رژێمێك مافی بەرجاو نەگرێت جیاوازی زۆرە ! بەوەشەوە نەوەستێتەوە کە ئەم جیاوازیە نەبینێ بچێت بداتە پاڵ رژێمە رەگەزپەرستەکە، ئەوە لە ناپاکیی بەرانبەر کورد و خەیانەت لە کوردستان هیچ تەفسیرێکی دیکەی بۆ ناکرێت .

پێنجەم : ئەگەر وامان دانا ج ئەم رژێمەی (صدام) و ج ئەوەکەی کە دێت چوون یەکن ! ... لەم حاڵەتەشدا جیاوازیەکی دیکە پەیدا دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە رژێمی بەعس چواردە ساڵە کورد دەرەتێنێ و کورد دەکوژێ و لە هەوڵی کورد لە ناوبردندایە ... ئەوەی دێت هیچمان لێنەدیتوە، ئەگەر وەکو بەعسیش بکات، دەبێت چواردە ساڵان کاری صدام بکات ئەوسا دەگاتە ئاست و تای تەرازووی بەعس ... دەی ئیدی دانە پاڵ بەعس بە چ حیلە شەرعێکیش حەلاڵ دەکرێت؟؟!! .

بەپێی هەموو ئەم راستیانە و بەرچاوگرتنی خەراپترین إحتمال و خەراپترین حاڵەت ... هەتا بە سەلماندنی بۆ چوونەکانی ئەوانەش کە دەیانەوێت (صدامچێتی) حەلاڵ بکەن، بەو پەڕی خاتر گرتنیشیانەوە !! هەموو کوردێکی بەشەرەف و دڵسۆز، هەموو مرۆڤێکی (منطق)ی و چەواشە نەبوو... هەر هیچ هیچ نەبێت لە شەرێکی وادا بێلایەن دەبێت یان خۆی تێوە ناگلێنێ . خۆ ئەگەر دانە پاڵ (بدیل) و دوژمنەکەی (صدام) و إحتماله داتاشووەکە، لە بەر هەر إعتبارێك، چاك و راست نەبێت... ئەوا خۆ کردنە پارسەنگی (صدام) و چوونەوە باوەشی بەعس و بوونە بەشێك لە (قادسیە دۆڕاوەکە) خەیانەت و ناپاکیەکی مێژوویە و بێسابیقەشە !! ئەم راستیە زۆر ساکار و دیار و بەچاوچەقاوەدا هیچ دەمەتەقەیەك هەڵناگرێت ... دەشزانین ئەوانەی کە بڕیاریان داوە بێت خۆبفرۆشن و مل بە هەڵدێرەوەنێن، دیارە هیچ زمانێ نازانن جگە لە زمانی خۆدان بەدەستەوە و سەوداگەری ...ئێمەش رووی دەممان لەوانە نییە و تا زووتر دەستیان بکەوێتە روو درەنگە و تا پتر لە ریزەکانی کوردایەتیدا بمێننەوە ژەنگی پتر پێ دەگرن . ئەوانە قورئانە گەورەی شێخ عیسای گڵەزەردەشیان بەگژدا کرێ ئەو (جاشێتی)یە هەر دەکەن !! ئێمە رووی دەممان لەو نیاز پاك و دڵسۆز و سادە و چەواشە کراوانەیە، کە بە زار قەڵەبالغی دەجاڵ و عەیارە سیاسیەکانی ئێمڕۆ لە خشتە دەبرێن و رەنجی چەند ساڵەی خەبات و پێشمەرگایەتیان بەگەرووی (قادسیەی صدام)دا دەکرێت !! بەرێشانی دایکی ئەو شەهیدانەین کە رۆڵەکانیان بۆ کورد پەروەردە کردووە و ئێمڕۆ خوێنی ئەوانە سەودا و مامەڵەی لەسەر دەکرێت ! بەتەنگ ئەو فرمێسکانەوەین کە چاوە چاوی خۆری ئازادی و سەرفە...ری کوردن وشکیان کات و ئێمڕۆ بێشەرمانە دەرژێنرێنە بەر پۆستاڵی داگیرکەرانەوە ... دڵمان بەوانە دەسووتێ و شینی ئەوانە دەکەین . ئەوانەی دی کە بە چاوکراوە و پڕ هۆشیانەوە هەڵدێر هەڵدەبژێرن و دەستی صدام دەگرن بۆ جەهەنەم، هەزار بەردیان لە دوو ! ئەمەش پیشەی ئێمڕۆیان نییە ...تێ دەڵێ؟! بەدبەختانە لەوانەیە بەدەست خۆشیان نەبێت فرمانە و پێیان کراوە و دەبێ جێ بە جێی کەن !!! :

لە هەموو ئەمانەش خۆ لا دەدەین و تاکە یەك راستی دەخەینە بەرچاومان :

لە سەرتاسەری مێژوودا و لە هەموو ئەو گێرمە و کێشە و هەڵلاو بگرەی لەم ناوچەیەدا قەوماوە، کورد هەمیشە کراوەتە سەرەنێزە و دەستەچێلە ! ساوەری هەموو دنیایان پێکوتاوین و پاشان شاپێکی تەریشیان تێهەڵداوین ... تەنها ئەمجارەیان نەبێت لە شەرێکی وادا ... لەبەر بوونی شۆرش و ئەو چەند پێشمەرگەیەی سەر چیاکان، لەبەر هۆشیاری و بەئاگاهاتنەوەی جەماوەرەکەمان، لەبەر دەستکەوتنە رووی (صدام) و جارەی تەڵخ و ئەو هەموو دەردانەی بەسەر کوردی هێناون، لەبەر ناوچەو مەوقعی جوگرافی لەباری کوردستان ... بۆ یەکەمین جارە کورد لە شەرێکەوە نەگلێ کە هی ئەو نەبێت ... خۆی لە شەرێك لابدات کە بۆ ئەو نەبێت ... خۆی نەکاتە دارەستی داگیرکەرەکە و لە (صدام) و (قادسیە) شوومەکەیەوە دوور بوەستێ ... هەر پێرار پتر لە پەنجا هەزار سەربازی هەڵاتوو لەو جەنگە (صدام)یان ناچار کرد بەوە قایل بێت نەچنە شەرەوە ... پەنجا هەزارێکی دیکەش لەملاو لا خۆیان قایم کردووە . واتە سەد هەزار لاوی کورد لەبەر ئەو هۆیانە و ئەو بار و هەل و مەرجە رەخساوانە لە خەتەری لە سەداسەدی لە نێو چوون رزگاریان بووە . سەد هەزار رۆڵەی کورد لە کیسەی کورد گەڕاوەتەوە ! ئەگەر وانەبووایە، وەك بەدبەختەکانی دیکەی عێراقی ... نیوەی راستیان ... دەکوژران یان گیر و گەوێژ دەبوون . ئەمە لە خۆیدا دەستکەوتێکی گەورەیە، کە ... هیچ ... هەڵناسەنگێندرێ ....

chalakmuhamad@gmail.com

ئێستا چ رەوان هەنە ؟ چ خوا بەرداریەتی؟ بۆ کێ و لە سێناوی حەدا لە ژێر خارشێز و دێرجامەی (هەقی کورد) و (حوکمی زاتی راستەقینە) و ئەم درۆ و دەلەسانەدا ئەرانە بکرێنە خۆراکی ئەو جەنگە؟

دەفەرموون (صدام) ملی داوە و فرسەتە ! ئەدی لە ئازاری ١٩٧٠ ملی نەدا و ملی لێمتاش باریک تر نەبوو و دەستی ئەوەندەش بە خوێنی کورد سوور نەبوو بوو؟ ... کورد لە بارێکی زۆر کزۆک و نەباو بەهێزترشدا نەبوو؟! ... حی بەسەر هات؟! پاش چوار ساڵان هەڵنەگەڕایەوە و بەیەتکی ئەو (حوکمی زاتی)یە نەیان تاساندیس؟؟! .

دەنەرموون (هەق دەدرێ !) ! ئەدی کاتی خۆشی بەسەرکردایەتی شۆرشی ئەیلولی نەدا؟! بەسووکە بڕیارێکیش هەڵی نەوەشاندەوە؟؟ لە بیر چوونەوە؟ ئەو دەستکەوتانەی بە سێزدە ساڵ شۆرش و خوێن دەست خران هەر لە (زانکۆی سولێمانی) و (کۆڕی زانیاری کورد) و (یەکێتی نووسەرانی کورد) و (یەکێتی ئافرەتان و لاوان و قوتابییانی کوردستان) تا خوێندن بە کوردی و دەیان بڕیاری خۆیان بە (مرسوم) و بە پارچەیە کاغەز و هەوای نەفەسی دیکتاتۆر هەڵنەوەشێنرایەوە و نە پووکێندرانەوە؟ (ضمان) چییە؟ هەرچییەك بدات پاشگەز نابێتەوە؟! .

برایە !! صدام کاتێ کوردستان دەداتەوە بە کورد کە لە دەستی خۆی حووبێت کە خەریکە لە دەستی دەچێ ! . نەك لەبەر ئەوەی تۆبەی کردوە و جۆتەوە سەر شێخ و تازەکی رەحەڵکی جۆتەوە سەر ئیمام عەلی !! یان (وحی) بۆ هاتبێ ... بەڵکو بۆ ئەوەی کورد بۆی پارێزێ و ئاگاداری بکات تا خۆی بە خۆیدا دێتەوە و دەکەرێتەوە سەرییان، ئەوسا حسێبی چەند (حرس حدود) و (جاش)یك لە ئاو خراردنەوە ئاسان ترە بۆ (صدام) ! ...

صدام ئەگەر ئەو کارەش بکات و بشڵێ ئەوە کوردستانەکەتان و برۆن بەرگری لێبکەن ! دوو إحتمالی بەرچاو گرتووە :

١- یان ئەوەتا بە خوێنی رۆڵەی کورد، کوردستانی بۆ دەپارێزرێت و کورد دەبێتە هۆیەکی راست بوونەوە و زیندووبوونەوەی - کە زۆر زۆریش دوورە ! - ئەوسا بەشێنەیی حسێبی جاشمان لە مستیان دەنێ !! .

٢- یان ئەوەتا ئەو ئەرکە بەو ئەفەندیانە هەڵناستێ و کارەکە بەپێچەوانە کراوانەش ناکرێت وەکو بە سوپا پڕ چەك و مەشق دادراو و کۆکەکەی خۆی نەکراوە و ناکرێت ... بەڵام خۆ دوونیشانە دەپێکێ :

أ - کوردێکی چەواشە کراوی زۆر بە کرشت دەدات و ئەمەش بەشێکی ئەو رق و کینە و (حقد)ەی لە کورد جێ بە جێ دەکات کە چەند ساڵە ملی بۆ نادەن و سەربازی بۆ (قادسیە)کەی ناکەن .

ب - خۆ بارێکی ناجۆر و نالدبار دێنێتە پێشی کە هەر لێستاوە زەمینەی دڕدۆنگی و خانەگومانەیی لە نێو کورد و رژێمە (بدیل)ەکەدا دروست دەکات ... بەمەش رێگە خۆش دەبێت لە داهاتوو کوردستان بکرێتە شەرگە و (تصفیە)ی حساباتی رژێمە داهاتووەکەی لەگەڵ ناحەزانی (بەتایبەتی ئەمەریکا و شۆڤیەنیەتی عێراقی) لە کوردستاندا و بەسەر سەری کورد دا بکرێت ! ...

جا چ خەیانەت و ناپاکیەك لە مێژوودا لەمە گەورەتر بووە ؟! و چ پیلانێك لەمە شەیتان چێن تر لە کورد کراوە ؟ ... ئایا ئەمە ئەو دوژمنایەتی و ناپاکییە نییە بەرانبەر کورد کە صدام خۆی دەرفەتی پیادە کردنی نەبووە و ئیمڕۆکە بە دەستەیەکی طلکی کوردی لەبەردا دەیکات؟؟ . تا پاش لە نێو چوونی خۆشی کورد هەر بکوژرێ و ببردرێت؟! .

دیسانەوە گریمان !! ئەمانە هیچی پێش نەهاتن ... چاومان لە هەمووی پۆشی ... ئایا چل هەزار جاش یان (حرس حدود)یان ناوی (فیلق کوردستان)یش بێت، دەتوانێ بەرەڵێشاوی هێرشی سوپای ئێرانی بگرێت؟؟! دەتوانێ (صدام) لە مەرگ و تیاچوون رزگار بکات؟؟! .

ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین هەموو دنیا (بەڵێ هەموو دنیا !!) هەر لە ئەمەریکا و فەرەنساو ئینگلترا و ئەڵمانیا تا دەگاتە وڵاتانی ناوچەکە و هەتا سۆڤیەتیش هەر یەکەی لە منطق و بۆ مەبەستێکی جیا و تایبەتی دەستیان بە صدام و رژێمەکەیەوەیە و هیچیان لێبەرچاو نییە بشۆوێ!... کەچی تادێت رۆژ بە رۆژ بە قوڕدا دەچێت و لە مەرگ و سەرەنگونی نێزیك تر دەبێتەوە !... هەر لە دیناری کوێتی و ریاڵی سعودی و درهەمی ئەماراتەوە تا سوپای ئوردون و سۆدان و متطوعی میسر و سەدان و هەزاران (مرتزقە)ی دیکە ... تا پێشرفتەترین چەك و تەقەمەنی فەرەنسا و ئینگلتراو

chalakmuhamad@gmail.com

کوێ و کوێ پشتگیری سیاسی و دیپلۆماسی و مادی و مەعنەوی زۆربەی وڵاتانی دنیا ... هەزار و یەک نوشتە و دوعا و نوێژکردنی (صدام) و خۆ بردنەوە سەر بنەچەی (آل البیت!!)... و کۆنگرەی وڵاتانی بێ لایەن و نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئیسلامی و چی و چی ... دادی نادات و رزگاری ناکات! ئێستا بە چەند ئەفەندیەکی پشوو سواری بە زرو چارەنووسی (صدام) دەگۆڕێت؟؟! .

دەی لەمەش لا دەین، بۆ دەبێت دەستەیەکی کورد لە مەلیك مەلیکی تر بێت و بۆ دەبێت کوچك لە ئاگر گەرم تر بێت؟؟! ئەوەتا دەوڵەتانی (الصمود و التصدی) عەرەب و پێشکەوتنخوازانی ... هەر لە (سوریا و لیبیا و یەمەن)ەوە تا بەشێکی زۆری فەلەستینیان و کەمێ (الجزائر) و خەڵکی دیکەش نەك هەر بە بێ لایەنیەوە نەوەستاونەتەوە، بەڵکو بە هەموو ووزە و توانایەکیشیانەوە داویانەتە پاڵ ئێرانیەکان و لە دژی (صدام) و رژێمەکەی چیان پێ کراوە کردویانە و دەیکەن ...

دەی بە چ تاویل و مەزەبێك رەوایە دەستەیەکی سەرلێشێواوی کورد تا لەم ئاخر و ئۆخرەی عومری (صدام)دا خۆ بکەنە بالاگەردانی؟؟! دۆستەکانی (صدام) و یارمەتی دەرانی کۆنی هەر یەکەی بە بیانوو و بەهانەیەکەوە خەریکن دەوری چۆڵ دەکەن و (دیشکەم)ی لێ دەکەن ... کە چی تازە بە تازە مامۆستایانی سەوداکەر گەرم دەبن و دەبنە یاری صدام !! ...

ئەمانەش هیچی ئەوە ناگەیەنن کە ئێمە حەز بە زیانی کەس بکەین، لە ناخیشەوە عیراد اریەسن و ئەوە دەخوازین کە ئاشتی و ئاسایش و ئیمنی‌بالی سەوزی بەسەر هەموو وڵاتان و میللەتانی دنیادا! بکێشێ، چونکە تەنها لەو بوارەدایە کە نەتەوە ژێردەستە، پارچە پارچە کراوە، هەرە چەوساوەکەی ئێمەش پشوویەکی بەبەردا بێتەوە و ئاوشانی میللەتانی دیکە بێتەوە ... بەڵام ئەگەر ئەو ئاشتی یان هێمنیەی ناوچەکە و هەر شوێنێك و دنیاش لەسەر حسێبی ئێمە نەبێت تەواو نەبێت، یان قازانجی خەڵکی دیکە لەسەر کەلاوە و زیانی ئێمە نەبێت نەڵنەستێ ... ئەوا پڕ بە دڵ داواکارین وەهەرچیەکیشمان لە دەست بێت نایگێرینەوە کە ئاشتی و هێمنی وا و قازانجی وا ناوەوا نەبن و نەیەن و تەفرو تونا بن ... حەز ناکەین و زۆریش ئازار دەچێژین کە یەك مرۆڤی عێراقی یان یەك سەرباز خوێن لە لووتی بێت یان چە پووشێکیش ئاوری تێ وەربێت، ئەگەر بە هەمان شێوە و ئەندازە ئەوانیش بۆ کورد وابن ... خۆ ئەگەر ئەو زیانانەی کەوتوون و دەکەون بۆ ئەوە بگەڕێتەوە حسێب و بەخەسار نەچن کە سبەی کوردستانی پێ بکێڵن و کوردی پێ ژێردەستەکەن و درێژە بە داگیرکردنیان بدەن ... ئەوا خوا نەتانی بڕ دەبوون و داریان بەسەر بەردەوە نەدەما ! ... لەمەشدا سنگ کوتان و دانە چیرەی داگیرکەران و لۆمە و تانەی کۆسمۆپۆلیتان و نانەتەوەییان و قرەوگاڵەی شۆڤینیستان ناماننگێرێتەوە و ئەوا بە تاوپەت و بە پاکراوی دەینێینەوە دەستی دۆست و دوژمنانمانەوە ... ئێمە تەنها چاوەروانی ئەوەین کە بەرژەوەندی نەتەوەکەمان پێك بێت و رۆژێ زووتر – بە هەر رێگە و شێوەیەك بێت – کورد لە ژێر ئەو بارە نالەبارەی رزگاری بێت ... ئێ !! خوای دەکرد هەرچی نەخشەی خۆرهەڵاتی نێوەراست هەیە – کە أصلا دەست کردو نەخشەکێشی ئیستعمارە – تێك و پێك دەچوو ... پێشمان وایە هیچ مەسەلە و ماف و داواکاریەکی – ئیمرۆ کە – لەوەی کورد رەواتر نییە، بۆیە هەر شتێ ناکۆك بێت لەگەڵ ئەو ماف و رەوایە و دژی بوەستێتەوە، خوێ ناهەقە و بە جەهەننەم و هەزار بەردیان لە دوو ...

لە هەموو شتێکی دیکەش پتر حەز بەوە دەکەین کە پەیوەندی نەتەوەی کورد و گەلانی دۆست و دراوسێمانە لە ناوچەکەدا لەسەر بناغەیەکی پتەو و بەردەوام پایەدار بێت، هەر لەم رێیەشەوە دەتوانرێ سوورد و بەرژەوەندی جوون یەکی ئەو گەلانە و گەلی کوردیش پێك بێت، هەر بەم رێیەش دەتوانرێ رێ لە هەموو جۆرێ داوشین و هەوساندنەوە و رەنج بەخەسارەیەك بگیرێ ... ئەو هەموو ووزە و توانایانەی هەن برایانە و دۆستانە و بەشێوەیەکی دروست و خزمەتگوزار بۆ پێشکەوتن و خێر و خۆشی جەماوەر رەنی زورتەکانی بەکاربدرێت و گەلانی بەدبەختی ناوچەکە بگەنە کاروانی پێشکەوتووی شارستانیەت ... ئەمەش گەورەترین و کاریگەرترین بەشدارییە بۆ پاکتاوکردنی هەموو شوێنەوار و پایەگایەکی ئیمپریالیزم و داگیرکەری و زوڵم و زۆر و ستەم ... هەر لە بارێکی واشدا گورنەتەڵەی خۆ سەپێن و پاوانکوزانی دیکتاتۆری حوکمرانی وەکو صدام(وغیر)صدام رێی پەیدا بوونیان نابێت و بۆ ئەتانەی ئەو میللەتانە رزگاریان دەبێت و پێ دەنێنە قۆناغێکی نوێی ژیانی مرۆڤایەتی کە ئاسوودەیی و ئاشتی و کەرامەتی مرۆڤ و بەختەوەری باڵی بکێشێت بەسەر هەموو گەلاندا ... ئەمەش تەنها بەوە دەبێ کە ئەو پەیوەندی نێو گەلانە لەسەر بناغەیەکی

chalakmuhamad@gmail.com

یەکسانی و بەرابەری و هاوبایی و جوونیەکی دابەزری، هەموو گەل و نەتەوەیەک مافی سەربەستانە و بێ دەستتێوەردانی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەبێت و لەسەر نیشتمان و زێد و خاکی باب و باپیرانی ئازاد و سەربەخۆ بێت و هەر جۆرە حوکمێک و شێوەی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی گونجاوی خۆی بەدەستی خۆی دیاری بکات ... تا بێ پێچانەوە و بێ زمان گرتن و بەرەسمی و لە دەستورەکاندا ئەمانە دیاری نەکرێن و سەرجەم ئەو جۆرە پەیوەندی و نەخشە و شێوە حوکم و حوکمەتانە هەڵنەوەشێنەوە و لەسەر بناغەی داد و رەوا و دیموکراسی و ویستی گەلان هەڵنەچنرێتەوە. ئێمەی پاسۆک بە ناشەرعی و ناڕەوا و نادروستیان دەزانین و حوکمی مێژووشە دەبێت نەمێنن .

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان ...

ئێمە تەنها و تەنها لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەکەمان و لەبەر ئەوەی میللەتەکەمان لە شەرێکی دەرەکی و لابەلاوە نەگلێ و خەڵکی شۆڕشگێڕ و سادە و نیاز پاک و ساویلکە بە بانگەشە و درۆزدەلەسە بەشەوارە نەکەون و لە خشتە نەبرێن ... بەم جۆرە بێ تویکڵ و بێ زمان گرتن و بەو پەڕی صەراحەتەوە ئەم مەسەلەیەمان داوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە . ئەمەش لەو گیان و بەروەردەیەوە هاتووە کە (پێش ئەوەی هەر شتێ بین ... کوردین) . ئەوانەی دوای ئەمەش هەر سوورن لەسەر ((دێزەبی)) با ئەوە بزانن تەنها و تەنها هەر خۆیان ریسوا دەبن .

شوباتی ١٩٨٤

سەرکردایەتی گشتی
پارتی سۆشیالیستی کورد
پاسۆک

chalakmuhamad@gmail.com

كردستان.... المستعمرة الأخيرة

# KURDISTAN THE LAST COLONY



PASOK

پارتی سوشیالیستی کورد - پاسۆک